# شوناسی نیشتمانی عێراقی لە سەردەمی پاشایەتی لە ١٩٢١ تا ١٩٥٨

پ.ی.د. چواس حسن رسول[١] إسراء حسين عبدالخالق [٢]

[١،٢] بەشی سیستە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە پێناسە و فاکتەرەکانی پێکهێنانی شوناس و تیۆرەکانی دروستبوونی شوناسی نیشتمانی کە لە چەند تیۆرێك پێکدێتدەکات، هەروەها فاکتەرەکانی بەهێزبوونی شوناسی نیشتمانی و ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش لە ڕووی تیۆرییەوە دەکات. هەروەها لە بەشی دووەم تیشك دەخرێتە سەر شوناسی نیشتمانی هاوبەش لە دەوڵەتی عێراق هەر لە دامەزراندنی سیستەمی پاشایەتی تاکو ڕووخانی، هەروەها خوێندنەوە و ووردبوونەوە دەکات بۆ پرۆسەی بنیاتنانی شوناسێکی هاوبەشی عێراقی، کاریگەری ململانێ ی نەتەوەیی و مەزهەبی لەسەر شوناس شیکارێکی مێژووییە بۆسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عێراقی هاوچەرخ بە سەرنجدان لەسەر پرسی شوناس. لەم قۆناغەدا واتا قۆناغی پاشایەتی تاکو دروستبوونی سیستەمێکی کۆماری لە عێراق هەڵوەستە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و هەوڵەکان بۆ بنیاتنانی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش هەروەها ئاستەنگ و ئاریشەکان کە ببونە ڕێگر لەبەردەم درووستبوونی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش دەکات.

**کلیلە وشەکان:** شوناس، شوناسی نیشتمانی، سەردەمی پاشایەتی.

## پێشەکی:

بێگومان شوناسی نیشتمانی کۆکەرەوەی قۆناغێکی مێژوویی و وشیاریەکی پێشکەوتووە لە وشیاری و ئینتیمانی لاوەکی، وشیارییەکە بەستراوەتەوە بە بوونی دەوڵەت، لەلایەکی دیکەوە شوناس ئەو بەستەرەیە هەمووان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە کە لەم گرووپە هەیە دەیانکات بە دەوڵەت، شوناس لە ڕوانگە سیاسییەکانەوە تەوەرێکی سەرەکییە لە پرۆسەی بنیاتنانی دەسەڵات و دەوڵەت، سەبارەت بە عێراق هەروەك دەزانرێت لە ساڵی ١٩٢١ دەوڵەتی عێراقی دامەزرا لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئینتیدابی بەریتانی کە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٣٢ئەو کاتەی عێراق بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، عێراق لە چەند گروپێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی پێکهاتبوو لە ڕووی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی. لەم توێژینەوەیەدا خوێندنەوەیەك لەبارەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێی عێراق و ئەو هێزانەی کە پێکیان هێنا دەخرێتە ڕوو هەروەها تیشك دەخرێتە سەر هەوڵەکانی سیستەمی پاشایەتی لە عێراق، گەڕانی سەرکردەکانیان بە دوای شوناسێکی نیشتمانی کە بتوانی هەموو گرووپە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکان ببەستێتەوە بە یەکدی.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کەوا دروستبوونی شوناسی نیشتمانی یەکگرتوو بە یەکێك لە بابەتە کاریگەرەکان دادەنرێت لەهەر دەوڵەتێك، لەوەشەوە دروستکردنی شوناسێکی نیشتمانی یەکگرتوو بە یەکێك لە بابەتە هەستیارەکانی عێراق هەر لەسەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا ئێستا هەژماردەکرێت، کە بە هۆیەوە عێراق توشی قەیرانێکی مەترسیدار دەبێت مەترسی لەسەر یەکڕیزی کۆمەڵایەتی دروست دەکات بۆیە توێژینەوەکە گرنگی خۆی لە ڕوونکردنەوە و دراسەکردنێکی زانستیانە بۆ ئەو بەربەست و هۆکار و ئەنجامانە دەبینێتەوە کە بووە هۆی ئاریشە لەبەردەم دروستبوونی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش لە عێراق.

## گرفتی توێژینەوە:

دیاردەی فرەیی نەتەوەیی و مەزهەبی لە کۆمەڵگای عێراقی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە نەبوونی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تاکو ساڵی ٢٠٠٣، عێراق بە قەیرانێکی ترسناك گوزەری دەکرد کە مەترسییەکی گەورەی هەبوو بۆ سەر شوناسێکی نیشتمانی یەکگرتوو، لە گرنگترین لێکەوتەکانی دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە کاری کردبووە سەر حاڵەتی توندوتیژی هەروەها لێکجیابوونەوەی زیاتری مەزهەبی ناکۆکی سیاسی لە نێوان هێزە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 نوفمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

عێراقییەکان کە ئەمەش ببووە هۆی بێئاکامبوونی چەندین هەوڵی ئاشتەوایی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ڕزگارکردنی عێراق لەم کێشە و قەیرانانە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە باسکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانە، هەروەها بابەتی ململانێی فرە ئیتنیکی و مەزهەبی لە عیراق بناسێنێت کە بەچ شێوەیەك بۆتە بەربەست لەبەردەم دروستبوونی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:

ئایا شوناسی نیشتمانی هاوبەش لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی دید و ویستی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بوو لەسەردەمی پاشایەتی؟

گریمانە:

شوناسی نیشتمانی هاوبەش لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی دید و ویستی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بوو، ئەمەش ببووە هۆی ناڵەباری بارودۆخی کەمە نەتەوایەتییەکان لە عێراق کە بەردەوام وەك ترۆپێکی لێکترازانی نیشتمانی بوو.

میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی مێژووی و شیکاری وەسفی بەستووە بە پێداچوونەوە و شیکردنەوەی گۆڕاوە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی عێراق.

بەشی یەکەم/ پێناسە و فاکتەرەکانی پێکهێنانی شوناس

لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت، باس لە پێناسەی شوناس لە ڕووی زمانەوانییەوە و جۆرەکان و فاکتەرەکانی پێکهێنانی شوناس بکەین:

## باسی یەکەم/ پێناسەی شوناس:

ووشەی شوناس (Identity)لە وشەی (Identitas) وەرگیراوە (گوڵمەحەمەدی، ٢٠٠٧، ل٢٢١). شوناس لە زمانی ئینگلیزی دوو واتا هەڵدەگرێ: یەکەمیان/ لێکچوو لە شێوە، دووەمیان/ دەرکەوتنی جیاکاری و جیاوازییە (الحمود، ٢٠١٢ : ٢٦).

شوناس چەمکێکە کە دنیای دەروونی، یان کەسێتی لەگەڵ فەزای گشتی فۆرمە کولتووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ دەکات و خەڵك لە ڕێگای ئەوانەوە سەبارەت بە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی خۆیان هەستیار دەبن، خەڵك بە ئەوانیدیکە دەڵێن کێن و گرنگتر لەوەش بە خۆیان دەڵێن کێن، دواتر هەوڵ دەدەن بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەن سەبارەت بەو کەسەی وێنای دەکەن (Holland, Cain ,1998: 6)

ئەریکسۆن (Erickson) لەبارەی شوناسەوە دەڵێت (هەستکردنە بە هاوشێوەیی نێوان خودی تاك، ئەو وێنەیەی ئەوانیدیکە دەربارەی تاکەکە هەیانە) (محمود، ٢٠١١: ٤).

شوناس ئەو کۆدەیە کە تاك دەتوانێت کەسایەتی خۆی پێ دابڕێژێت و پەیوەندی خۆی بە کۆمەڵگاوە دیاری بکات، لەم ڕێگەیەشەوە بەرامبەرەکانی دەتوانن بیناسنەوە و پێناسەی تایبەتی بۆ دابنێن، شوناس لە ڕوویەکی تریشەوە دابەش دەکرێت بۆ چەند ئاستێك:

**/ شوناسی بە کۆمەڵ:**

ئەم شوناسەیە کە لە ڕێگەیەوە تاکەکان خۆیان بە کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە پەیوەست دەکەن، بەمەش ئاستی جۆر بەجۆر لە شوناس لەناو کۆمەڵگادا دەردەکەوێت، کە دەبێت پارتێکی سیاسی، یان گرووپێك، مەزهەبێك، یان ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی، گوزارشتی لێ بکات.

**٢/ شوناسی تاك:**

کە ئەویش دەکەوێتە ژێر کاریگەری شوناسی کۆمەڵگاوە، ئیلهام و ئینتیمای لێ وەردەگرێت و بە ڕەهەندی ئایینی و جیهانبینی و کولتوورییەوە پابەند دەبێت. زۆر لە پسپۆڕان لەو باوەڕەدان کە شوناسی تاک پەیوەستە بە تاك لە ڕووی هەست و سۆز و بۆچوونە تایبەتەکانی خۆیەوە (موحەمەد، ٢٠١٢: ٢٧-٢٨).

**٣/ شوناسی نیشتمانی:**

ئەگەر باس لە شوناسی نیشتمانی بکەین، دەکرێت بڵێین باڵاترین ئاستی شوناس لەسەردەمی ئەمڕۆدا لە هەر کۆمەڵگایەکدا شوناسی نیشتمانییە، کە پەیوەندی و حەزی هەر تاکێك بە کۆمەڵگای نیشتمانەکەیەوە نمایش دەکات. دەکرێت ئەم وابەستەیە لە شوناس لە وەفاداری بە نیشتمان، خۆشەویستی هاونیشتمانیان و پارێزگارییان لە شوناسی نیشتمانی ببینرێتەوە، دواجار ئەم وەفاییە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوانیتردا کە هەژموونی خۆیان بسەپێنن، یان داگیری بکەن، لەوەش زیاتر زۆر جار دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ هاونیشتمانیان تا پەرە بە پێشخستنی ڕەوڕەوەی زانستیی، ئەدەبی، پیشەسازی، بەهێزکردنی کولتوور و کولتوورسازی بدەن. شوناسی نیشتمانی هەستی پەیوەندی وەفادارییە بە ژانر و سیمبولە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا لە نیشتمانێکدا کە لە ڕێگەی سنووورە سیاسییەکانەوە ئەم نیشتمانە پێناسەکراوە (مەهدی، ٢٠١٦).

هەروەها شوناسی نیشتمانی گرنگییەکی زۆری هەیە لە بەدیهێنانی سەقامگیری لەناو کۆمەڵگادا، بۆ ئەوەی هەموو گرووپە جیاوازەکان لە ئایین، ڕەگەز، یان زمان لەژێر یاسا و ڕێسای دامەزراوەکانی نیشتمان یەکبخات کە گرووپە جیاوازەکان تێیدا دەژین، ئەمەش سەقامگیری دەهێنێت و هەموو تاکەکانی لە یەك نەتەوەدا یەکدەخات، پەیوەستییەك لەنێو هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادا دروست دەکات (عبادة، ٢٠٢١). شوناسی نیشتمانی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەت، وەك هێزێکی پەیوەست بە ئەندامانی کۆمەڵگا و پاراستنی لە دابەشبوون، چونکە شوناسی نیشتمانی دەتوانێت هاودەنگی لە نێوان هاونیشتمانیان دروست بکات، هەروەها سوودبەخشە بۆ پەرەپێدان و هێشتنەوەی هاوسۆزی لە نێوان هاونیشتمانیان و هەستێکی بەرزی پەیوەندییە (Windare, 2021: 86)

حاڵەتێکی پابەندبوون هەیە بۆ شوناس بەناوی شوناسی کوشندە (الهويات القاتلة)، ئەم حاڵەتە لە شوناس مرۆڤ بە تەواوەتی بە شوناسەکەیەوە گۆش دەکات و تا ڕادەیەکی زۆر دەمارگیری دەکات، تەنانەت تا ئەو ڕادەیە ئامادەیە خۆی بکوژێت بۆ ئەو شوناس و ناسنامەیە( معلوف، ٢٠٠٤: ٤٧)

کەواتە لەسەر ئاستی تاك هەر کەسێك و شوناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر کەسە و بەپێی بیروباوەڕی خۆی وێنای ژیان دەکات، دونیابینینی شوناسی کەسەکان جیاوازە، هەروەها سەبارەت بە شوناسی کۆمەڵیش، تاك شوناسی ئەو کۆمەڵە هەڵدەگرێت کە تێیدا ئەندامە، جا ئەندامێکی بۆماوەییە و لکاو بێت وەك ئەندامبوونی لە هۆزێك، یان ناوچەیەك سرووشت و تایبەتمەندیی ئەم هۆز و ناوچەیە وەردەگرێت، یان لەسەر ئاستی گرووپی دروستکراو، بۆ نموونە پارتی سیاسی، ئەندامی پارتێکی ئایینی دنیابینی جیاوازە لە ئەندامی پارتێکی سیکولاری.

## باسی دووەم/ فاكتەرەكانی پێكهێنانی شوناسی نیشتمانی:

بەو پێیەی كە شوناسی نیشتمانی كۆمەڵێك تایبەتمەندی و خەسڵەتە كە هەموو نەتەوەیەكی پێ دەناسرێتەوە، گیانی لاگیری بۆ نەوەكانی ڕوون دەكاتەوە، ڕۆڵی هەیە لەبەرەو پێشبردنی نەتەوە، نەبوونی ئەم شوناسە دەبێتە هۆی لەدەستدانی جێگیربوون (الاستقرار)، لێرەدا كۆمەڵێك فاكتەر ڕۆڵیان هەیە لە درووستبوونی شوناسی نیشتمانی، ئەوانیش بۆ دوو جۆر دابەش دەبن، كە بریتین لە فاكتەرەكانی پێكهێنانی شوناسی نیشتمانی نەریتی و فاكتەرەكانی پێكهێنانی شوناسی نیشتمانی مۆدێرن. لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا فاكتەرەكانی شوناسی نیشتمانی نەریتی ڕوون دەكەینەوە:

١- زمان (اللغة): زمان ڕەنگدانەوەی ئەزموونی هاوبەشی نەتەوەیە و ڕۆڵێكی گرنگی لە گواستنەوەی ناسنامەی نیشتمانی بۆ نەوەكانی خۆی هەیە، چونكە زمانی نیشتمانی و شێوازە لۆكاڵییەكان كە پەیوەستن بە نەتەوە و گەشەپێدانی لە ئایندەدا، ئەویش لە ڕێگەی بەكارهێنانی بە شێوەیەكی زانستی لە پرۆگرامەكانی خوێندن لە قۆناغە جۆربەجۆرەكاندا، هەروەها لە حكومەتدا لە بواری كارگێڕی و دادوەری و لە هەمان كاتدا پەیوەندییەكانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگادا، دەبێت لە ڕێگەی شێوەزارێكی سەرەكییەوە نەتەوە بەیەكەوە گرێ بدرێت. سەرەڕای ئەوەش زمان لەوانەیە وەك ڕەگەزێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی لە پرۆسەی بنیادنان، یەكخستن و پاراستنی نەتەوە، وەك ڕەگەزێكی سەرەكی شوناسی نیشتمانی بەكاربێت.

٢- بەها ئایینی و نیشتمانییەكان : كە ئەمەش شوناسێك بۆ نەتەوە دروست دەكات و لە توانەوە لەناو گەلانی تردا دەیپارێزێت، هەروەها لەم ڕێگەیەشەوە بەرگرییەكی باش بە گەل دەدات بەرامبەر بە هەر هەوڵێكی توانەوە و پارێزگاری لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەكان دەكات.

٣- ترادیسیۆن و كەلەپووری نەتەوە پارێزگاری لە بەها باڵاكانی نەتەوە دەكەن، كە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاستی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی نەتەوەیەكە لە ڕابردوودا (موحەمەد، ٢٠١٢، ل٣٣-٣٤).

٤- مێژوو (التاریخ): مێژوویەكی هاوبەش بەیەكەوەیان دەبەستێتەوە، هەروەك پێنوێل Penuelو وێتریش Wertsch پێیان وایە سەرچاوە كولتووری و مێژووییەكان وەك ئامرازێكی بەهێز بۆ پێكهێنانی شوناس دەردەكەون، شوناس بەرهەمی كۆمەڵایەتی و كولتوورییە كە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە چالاكی خۆی دیاری دەكات و فێردەبێت. مێژوو دەتوانێت وەك سەرچاوەیەكی بەهێز كاریكات بۆ دابینكردنی مانا و چوارچێوەی ئینتیما لە ڕێكخستنە جۆربەجۆرەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی (Obradovic, 2019).

٥- مافی هاوبەش (الحقوق المشتركة): هاووڵاتیانی ناسنامەی نیشتمانی، خاوەنی كۆمەڵێك مافی هاوبەشن، ئەوانیش بریتین لە: (مافی خوێندن، مافی گوزارشتكردن لە بیروڕاكانیان، مافی بەسەربردنی ژیانێكی ئارام لەسەر خاكەكەیان، مافی خاوەندارێتی، مافی كاركردن......هتد).

ئەوانەی پێشتر باس كران تایبەت بوون بە فاكتەرەكانی پێكهێنانی شوناشی نیشتمانی نەریتی، بەڵام شوناسی مۆدێرن، یان وا باشترە بڵێین كۆمەڵێك فاكتەری دیكە هەن كە شوناسی مۆدێرن پێكدێنن، لێرەشەوە بابەتی جیاوازی نێوان شوناسی نەریتی لەگەڵ شوناسی نوێ بابەتێك بووە زۆرێك لە نووسەران گفتوگۆیان لەبارەوە كردووە، بەڵام هانز كۆهن (Hans Kohn)* یەكەم كەس بوو لە ساڵی ١٩٤٤ ئاماژەی بەو جیاوازییە كرد لە نێوان نەتەوەی مۆدێرن، ڕاشنالیزم و لیبرالیزم. باسی لە ڕێگاكانی دۆزینەوەی بنەماكانی ڕێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ و ئازادی تاكەكەسی كرد ( Tamir, 2 :2018). جیاوازی لە نێوان نەتەوەی مۆدێرن و نەتەوەی نەریتی بە شێوەیەكی فراوان بڵاوكرایەوە و هەڵوەستەی زۆری لەسەركراوە، یەكێك لەوانە میكایڵ ئیگناتیف (Michael Ignatieff)*، پێی وا بوو نەتەوە پێویستە بۆ هەمووان بێت بەبێ گوێدانە (ڕەگەز، جێندەر، ئایین، بیروباوەڕ، زمان) ئەم جۆرە نەتەوانە پێیان دەڵێن نەتەوەی مۆدێرن (civic nation)، لەبەرئەوەی یەكسانی و دادپەروەری بوونی هەیە (Spencer, 2007,P83). كەواتە تێگەیشتن بۆ نەتەوە، بریتییە لەوەی كە نەتەوە لە كۆمەڵێك كەس لە ڕووی مێژووییەوە پێكەوە گرێدراون، نەوەك لە ڕووی ڕەگەزی و ئایینییەوە، ئەم كۆمەڵە كەسە چەند شتێكی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە كە بریتیین لە (زمانی هاوبەش، خاكێكی هاوبەش، ئابوورییەكی هاوبەش و پیكهاتەیەكی دەروونی هاوبەش). ئەم خاڵە هاوبەشانە ڕۆڵیان لە دروستكردنی كولتوورێكی هاوبەشدا هەیە، ئەم تێگەیشتنە سەرەتاییە لە نەتەوە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، لە كۆمەڵگا و دەوڵەتە هاوچەرخەكان شتێك نەماوە بە ناوی هاوبەشی لە زمان و مێژوو و ڕەگەز و ئایین، پیكهاتەی زۆربەی وڵاتانی ئێستا كۆمەڵێک كەمینەی زۆر جیاواز لە خۆدەگرێت، ئەو كەمینانەش هیچ پەیوەندییان بە مێژوو و خاكی ئەو وڵاتەوە نیە.

كەواتە تێگەیشتن لە نەتەوە پێویستی بە فراوانكردنی ئەو تێگەیشتنە كلاسیكییە هەیە، كە نەتەوە بە كۆمەڵێك شتی هاوبەشەوە گرێ دەدات. لەدوای پەیماننامەی ڤیستیڤالیا و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەتەوەش گۆڕانكاری بەسەر ستراكچەرەكەیدا هاتووە و ڕەهەندی نوێی بۆ زیاد بوو، گرنگترینیان ڕەهەندی دامەزراوەییە، نەتەوە بەمانا نوێیەكەی پێویستی بە سرووشتێكی دامەزراوەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ نەتەوەكانی دیكەدا هاوشان بێت، ئەم تێزە بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەكان زۆر بەڕوونی دەردەكەوێت، ئەو نەتەوانەی دوای درووستبونی دەوڵەت دروست بوونە، یان ئەو نەتەوانەی دەوڵەتێكیان هەیە بەشێك لە سروشتی دامەزراوەیی دەوڵەت وەردەگرن و جۆرێك لە ڕێكخستنیان دەبێت كە یارمەتیان دەدات گەشە بكەن و خۆیان بە ئاسانی لەگەڵ قۆناغە جیاوازەكان بگونجێنن، بەڵام ئەو نەتەوانەی نەبوونە خاوەن دەوڵەتێك، ئەو نەتەوانەی خراونە چوارچێوەی دەوڵەتێک نەتەوەیەكی نامۆ و دژی تێدا باڵادەستە (ئیبراهیم، ٢٠١٨).

نەتەوە لە هەر بارێك و لە هەر قۆناغێكدا بێت، پێویستی بە پرۆسەیەكی بنەڕەتی و بنیادنەرە كە پێی دەگوترێت بنیادنانی نەتەوە. ئەم پرۆسەیە هاوكاری نەتەوە دەكات بۆ ئەوەی هەمیشە خۆی نوێ بكاتەوە و لەگەڵ سەردەم و قۆناغە جیاوازەكانی خۆی، بەڵام دەبیت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت كە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە تەنها پەیوەست نیە بەو نەتەوانەی خاوەن دەوڵەت نین، بەڵكو پرۆسەیەكی درێژخایەن و بەردەوامە بەر لە دروستكردنی دەوڵەت دەست پێدەكات و بەدامەزراندنی دەوڵەت دەچێتە قۆناغێكی هەستیار و لە فۆرمێكی ڕێكخراوتردا دەردەكەوێت. ئەگەر بەخێرای سەیری وڵاتە بەهێزەكانی دنیا بكەین، دەبینین زۆرترین بایەخیان بە بابەتی بنیادنانی نەتەوە داوەو هەمیشە بەشێكی زۆری ستراتیجیەتەكانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان كرووە. پەرەپێدانی ئاسایشی نەتەوەیی بەشێكی دانەبڕاوی پرۆسەی بنیادنانی نەتەوەیە، كەواتە ئەم پرۆسەیە جگە لەوەی گەرەنتییەكە بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی نەتەوە، لە هەمان كاتدا كاریگەرترین فاكتەرە بۆ سەقامگیربوونی دەوڵەت و بەهێزبوونی دەوڵەت، هەروەها بۆ هێنانەكایەی كەشێكی دیموكراسی. تەنانەت هەندێك بیرمەند

پێیان وایە دیموکراسیەت ناتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ بەبێ نەتەوە، بۆ نموونە (ئالان تۆرێن) دەڵێت: دیموکراسی بەبێ ئینتیما بۆ گرووپێکی سیاسی و نەتەوەیەکی بەهێز بوونی نابێت، تۆرێن دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئینتیما بۆ نەتەوە، کە بەشێکی گەورەی پرۆسەی بنیادنانی نەتەوەیە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی هاتنەکایەی دیموکراسی هەر لەم چوارچێوەیەدا مافی بڕیاردانی چارەنووس بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەرهەم نایەت ئەگەر خەڵکی دەوڵەتێك نەبنە یەك نەتەوەی بەهێز و توانای ئەوەیان نەبێت داهاتووی خۆیان دەستنیشان بکەن. ئەم بەهێزبوونەی نەتەوەش تەنیا لە ڕێگەی بەردەوامی پرۆسەی بنیادنانی نەتەوەوە دەبێت، کەواتە ئینتیما بۆ نەتەوە کە خۆی لە یەکگرتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە، سیستەمێکی دیموکراسی هاوچەرخ بەرهەمدێنێت کە توانای سەربەخۆی هەبێت (ئیبراهیم، ٢٠١٤ ). سەبارەت بە دیموکراسی سازانیش وەکو نموونەیەك بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵات لە وڵاتانی هەمەجۆر و فرەنەتەوە کە بەدەست لاوازی یەکێتی نەتەوەیی و گرژی لە قەیرانی سیاسی دەناڵێنن، بە گوێرەی ئەم سیستەمە پیادەکردنی دەسەڵات تەنها پەیوەست نیە بە زۆرینە (أبو جاموس، ٢٠٢٠: ١).

بە گشتی ئەم جۆرەی دیموکراسیەت چارەسەرە بۆ پرسی بەشداری سیاسی لە کۆمەڵگای فرە نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و ئایینزاکاندا . تیوریستێکی سیاسی بە ناوی خوان لینز Juan Linz دەڵێت "پرەنسیپی زۆرینە و کەمینەی سیاسی دەبێتە زۆرینە و کەمینەیەکی نیشتمانی (لیبهارت، ٢٠٠٦: ١٦).

لە کۆتایی بە گوێرەی فاکتەرە نەریتییەکان و فاکتەرە مۆدێرنەکان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەوا نەتەوەی نەریتی کۆمەڵێك خەڵکن کە (زمان، مێژوو، بەها ئایینی و مێژووییەکانی هاوبەش)، ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە بەیەکبەستنەوەی ئەم کۆمەڵە خەڵکە، کەواتە لە ئەگەری بەهێزیی پێوەندییەکان و پێوەندیی تاك لەگەڵ کۆمەڵگا، کە لە ڕێگەی زمان و ئایین و کلتورەوە دروست دەبێت، شوناسی گشتیی تاك لە ئاستی نیشتمانی دروست دەبێت، بەڵام ئێمە ئەگەر بێین باس لە نەتەوەی مۆدێرن بکەین، ئەوا نەتەوە بەبێ گوێدانە (ڕەگەز، جێندەر، ئایین، بیروباوەڕ، زمان) دروست دەبێت، ئەم جۆرە نەتەوانە پێیان دەڵێن نەتەوەی مۆدێرن (civic nation)، لەبەرئەوەی یەکسانی و دادپەروەری بوونی هەیە.

**باسی سێیەم/ تیۆرەکانی شوناسی نیشتمانی:**

سەبارەت بە تیۆرەکانی شوناسی نیشتمانی دەکرێت جیاوازییەک بکەین لە نێوان سێ تیۆری سەرەکی، کە لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ بنەما و بنچینەکانی شوناسی نیشتمانی دەکەن، ئەوانیش بریتین لە سێ تیۆری سەرەکی، زانایان لە ڕێگەی پسپۆرییە جیاوازەکانەوە بەشداریان کردووە لە پەرەپێدان و شیکردنەوەو هەروەها ڕەخنەگرتن لە تیۆرەکان، لە ڕێگەی هەردوو زانستی (ئەنترۆپۆلۆجی و سیاسەت)، تیۆرەکانیش بریتین لە:

**یەکەم: تیۆری سەرەتایی، یان حەتمی (النظرية البدائية والاساسية او الحتمية):**

دەربڕینێکی گشتگیرە، بۆ وەسفکردنی ئەو باوەڕەی کە ناسنامەی نیشتمانی بەشێکی سرووشتی مرۆڤە، وەك (قسە، بینین، یان بۆن)، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم تێڕوانینە لە نێو کۆمەڵناساندا بەتایبەتیش لە نێو مێژوونووساندا بە زاڵی ماوەتەوە. بە بڕوای ئەدوارد شیلز *کە یەکەم کەس بوو ئەم چەمکەی لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بەکارهێنا، ئەرگومێنتەکەی ئەوە بوو ئەو هەستەی ئەندامانی خێزان بەرامبەر بە یەکتر هەستی پێدەکەن، هەڵمژینی تایبەتمەندیی و پەیوەندییە گرنگەکانە کە تەنها دەتوانرێت وەسف بکرێت بەوەی کە تەنها کردارێکی کارلێککردن نیە، بەڵکو ئەمە ئەنجامێکی گرنگە، بەدەر لە وەسفکردن بە بۆندی خوێنی ئۆمەت بەستراوەتەوە (حورية، اسمهان، ٢٠١٨: ٤٠٧). ناسنامە و پەیوەندییە سەرەتاییەکان ڕاستییەکی پەسەندکراو (حقائق مقبولة) و سەرەتایین و ڕاستییەکی ڕەسەنە، پێش هەموو ئەزموون و ئاوێتەبوونێکە، لە هەموویان کۆنترە و سرووشتییە و ڕۆحییە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵایەتی نییە، مەگەر تەنها بۆ ئەو پەیوەندییە سەرەتاییانە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت، دەبێتە کۆمەڵایەتی، ئەگەر نا ڕۆحییە و ڕەسەنە (أوزكيريملي، ٢٠١٣: ١١١).

بە گوێرەی ئەم بیردۆزە نەتەوەکان بە شێوەیەکی سرووشتی یەکەیەکی سەربەخۆ و تەواون و بەشێوەیەکی حەتمی لە جیهاندا بوونیان هەیە، پێی وایە شوناسی نەتەوەیی بەشێکە لە خود و کاتی نییە، دیارییەکی خواوەندە و لە سرووشتدا هەیە، لەبەر ئەمە لەم قوتابخانەیە چەمکەکانی هەریەك لە کەسایەتی نیشتیمانی و ڕۆحی نەتەوەیی پەسەندە و هەمیشە مەرجەعیەت بە باو و باپیران و شوناسی نیشتیمانی بەستراوەتەوە، کە لە ڕێگەی بۆماوەییەوە دەگوازرێتەوە، ئەم مەرجەعیەتە باوەڕی بە فاکتەرەکانی (زەوی، خواردن، کەشوهەوا) هەیە (حورية، ٢٠١٨: ١٠٩).

**دووەم: تیۆری مۆدێرنێتە (النظرية الحداثة) Modernist, Constructivist Approach**

دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە وەککاردانەوەیەك بوو بەرامبەر بە تیۆرە سەرەتاییەکان کە تێیدا شوناسی نیشتمانی وەك تایبەتمەندییەکی سرووشتی تەواوکارییە بۆ کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان، بەڵام بەپێی تیوری مۆدێرنێتە نەتەوە بە شێوە نوێیەکەی لە سەدەی ١٨ و ١٩ سەرییهەڵدا، کە بەرهەمی فۆڕماتی مۆدێرن بوون و وەك (سەرمایەداری و شۆڕشی پیشەسازی و سیکولاریزم و دەوڵەتی بیرۆکراسی نوێ)، مۆدێرنیستەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نەتەوەکان تەنیا بابەتێکی مێژوویی نیە، بەڵکو پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە لەجیهانی نوێدا (أوزكيريملي، ٢٠١٩: ١٤١).

ئەم قوتابخانەیە هەریەك لە ئەرنیست گیلنر (Ernest Gellner)*، بینیدکت ئەندرسۆن (Benedict Anderson)*، کارل دوتش *(Carl Deutsch) نوێنەرایەتیان دەکرد، ئەمانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم (القومية)، ئایدیۆلۆژیایەکی کولتووری و سیاسییە بەهۆی مۆدێرنێتەوە، ئەوانە وای دەبینن کە شوناسی نیشتمانی زگماکی نیە و بەرهەمی سروشتی خاك و جوگرافیا نیە، بەپێچەوانەوە پێیان وایە کە شوناسی نیشتمانی بنیادنراوە لەسەر بنەمای پێگەیشتن نەك سرووشتی بێت و لەلایەن خواوە بە مرۆڤەکان درابێت، بەڵکو بەرئەنجامی پێگەیشتوویی نەتەوەکانە. هەروەها لایەنگرانی مۆدێرنێتە وای دەبینن کەوا شوناسی نیشتمانی دروستکراوی بیروبۆچوونە، یاخود بەرهەمی بونیادی کولتوورە.

داڤید هیوم لە نووسینێکی بە ناوی (کەسایەتی نیشتمانی) کە لە ساڵی ١٧٤١ نووسراوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوەی ناوی لێ نراوە هۆکارە مەعنەوییەکان، وەك حکومەت، پەروەردە بنەمان بۆ دروستکردنی شوناسی نیشتمانی.

له بەریتانیا (ئەریل هۆبز باوم) لە کتێبی (دابونەریتی داهێندراو) جەخت لەسەر داهێنانی نوێ و دابونەریتەکان دەکاتەوە کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی دابونەریتە نوێیەکانن دەتوانین گرنگترین پرەنسیپەکانی تیۆری بونیادی لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١- وا دادەندرێت کە نەتەوایەتی (الامة) دروست دەکات، نەك بە پێچەوانەوە.

٢- میللەت بەرهەمی نوێی مۆدێرنێتەیە.

٣- میللەت، بونیادێکی کۆمەلایەتییە، کە لەلایەن دەستەبژێرەکانەوە دروستکراوە.

٤- نەتەوایەتی وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی وا دادەنێت کە میللەت شوناسێکی کولتوورییە، بە هۆکار ئەوەی کە لە ڕێگای ئامرازە کولتوورییەکان و دابونەریتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان زۆرینە لێی سوودمەند دەبن و بیروبۆچوونیان تێدا ئاڵوگۆڕ دەکەن (حورية، ٢٠١٨، ٤٠٩-٤١٠).

**سێیەم: تیۆری ئێتنیکی سیمبوڵی (الاثنية الرمزية):**

ئەنتۆنی سمیث هەوڵی دا پردێکی پەیوەندیی لە نێوان هەردوو تیۆرەکانی کە پێشووتر باسمان کرد دروست بکات، مۆدێرنیستەکان پێیان وابوو هیچ شتێك لە هیچەوە نایەت، ئەم بیرۆکەیەش باوەڕی بەوە هەبوو کە نەتەوەکان دیاردەیەکی مۆدێرنن، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگا ئێتنییە کۆنەکانەوە هەیە. سمیث هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چەندین بەڵگەی هەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نەتەوە مۆدێرنەکان پەیوەستن بە گرووپە ڕەگەزییە کۆنەکان و لە ڕێگەی ئەفسانەی کولتووری و بیرەوەرییە هاوبەشەکانی پێشووتر دروستبون، هەروەها سمیث جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تێگەیشتن لە نەتەوەخوازە سیاسییە نوێیەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیوەندی بیرەوەرییە ئێتنیکییەکان، یان ئەوەی کە پێی دەوترێت بناغەی (الاثنية الرمزية) زەحمەتە.

لە کارە هەموارکراوەکانی ئەم دواییەی سمیث وەك (ناسیۆنالیزمی تیۆریی ئایدۆلۆجیا ٢٠٠١) ئەو بەردەوامە لەسەر ئەوەی کە ئێتنیك ڕۆڵێکی کرانەوە دەبینێت لە پێکهێنانی نەتەوەکان.

سمیث بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە ئاوڕێکی فراوانتر لە دامەزراوە کولتوورییەکانی نەتەوەکان بدرێتەوە، لە مێژووی سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیا نەتەوەییەکان، سمیث هێشتا لەو باوەڕەدایە ناسیۆنالیزم (القومية) وەك مەزهەبێك لە سەدەی ١٨ سەریهەڵدا، دەتوانین بگەینە جۆرێکی دیاریکراو لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی لە هەندێك دەوڵەت وەك (ئینگلتەرا، سکۆتلەندا، هۆڵەندا)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سمیث پێی وایە، نەتەوەی مۆدێرن مەرج نیە لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئێتنیکییە کۆنەکان بێت، لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی نەتەوەکان بە پەیوەندی ئێتنیکی دروست دەکرێن، ڕەگەزە دێرینەکانی ئەفسانە و سیمبوڵەکانبۆ نەتەوە دابین دەکات کە گەلی پێ جیادەکرێتەوە (حورية، ٢٠١٨: ٤١٣- ٤١٤).

**باسی چوارەم/ ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش:**

لێکۆڵینەوە لە شوناسی نیشتمانی یەکێکە لەو بابەتانەی کە جێگای مشتومڕە و لە چەندین لایەنەوە پڕ کێشەیە، چونکە شوناس بوونی تاك دیاری دەکات، پاڵپشت بە بوونی تاك لە جوگرافیایەکی دیاریکراو پەیوەست بە مێژوویەکی دیاریکراو. ئەم شوناسەش بریتییە لە تایبەتمەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی و شارستانییەتی و هەستی لاگیری بۆ نیشتمانەکەیان، بەڵام کۆمەڵێک کێشە و بەربەست هەنە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئەم شوناسە نیشتمانییە. لێرەدا هەوڵدەدرێت بەشێك لەو ئاستەنگانە باس بکەین کە وەکو ئاریشەیەك دوچاری شوناسی نیشتمانی دەبێتەوە:

١- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا (Technological development)، بەجیهانیبوون یەکێکە لەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی کە جیهان لەم سەردەمەدا بینیویەتی، بۆیە هەندێك لە نووسەران بە جیهانگیری ناوزەدی دەکەن، بە چەندین دیاردەی گرنگ کار دەکاتە سەر بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت بواری ڕۆشنبیری و کولتووری (عطية، سليم، ٢٠٢١: ٤٦-٤٧). سەردەمی بەجیهانیبوون دەرکەوتن و هاتنە پێشی ڕۆڵی کەمینەکانی نەتەوەیی و گوزارشتکردن لە خۆیان، لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، بارودۆخی نێودەوڵەتی کە هاندەرن بۆیان. لێرەدا ئەگەر جیهانگیری وەك مەترسییەك سەیر بکرێت لەسەر ناسنامە، بەجیهانیبوونی کولتووره، بە واتای جیهانگیری ڕۆڵی هەیە لە سەپاندنی کولتووری نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەکانی تردا، یاخود کولتووری نەتەوە بەهێزەکان زاڵ دەکات بەسەر نەتەوە لاواز و تێکشکاوەکان، بۆ ئەم مەبەستەش ئامراز و میکانیزمی بەهێز هەن لە سەرانسەری کیشوەرەکان ، کاریگەرییەکانیان لە ڕێگەی ڤیدیۆ و وێنە و خوێندنەوە و تۆڕەکانی زانیاری جیهانی (ئینتەرنێت) و ئەوانی تر، هەندێك جیهانگیری کولتووری بە مەترسیدارتر دەزانن لە جیهانگیری ئابوری (نصار، ٢٠١٥: ٦) کەواتە دیوێکی مەترسیدار لە کلتوری جیهانگیریدا ئەوەیە، هەوڵی سڕینەوەو هەڵوەشانەوەی ڕەمز و کەلەپوور و شارستانییەکانی تر دەدات، ئامانجی سەرەکی ئەم کولتووره جیهانییە دەیەوێت وێنەی جۆرێکی تر لە شوناس دروست بکات، کە پێی دەڵێن شوناسی جیهانی، کە بەپێی ئامانجەکانی خۆی هەوڵی بنیادنانی مرۆڤێکی جیهانی دەدات، ئەم شوناسە نوێیە مرۆڤێکی بەکاربەر و پاشکۆ بۆ ئەم شوناس و کولتووره نوێیە دروست دەکات (موحەمەد، ٢٠١٢: ٢٣). سامۆیل هانتیکتۆن دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە: "ئەمڕۆ جیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی گشتی شوناس بۆتەوە، هەموو گەل و نەتەوەکان دەیانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، ئێمە کێین؟". بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێنەوە بۆ خۆشەویستترین شت لایان کە باپیران و ئایین و زمان و مێژووە، لە شێوەی هۆز و گرووپی نەتەوەیی و کۆمەڵی ئاینی، دواجاریش لە شێوەی شارستانییەتێکدا (عبداللطيف، ٢٠١٧).

٢- بە دیموکراتیزەکردنی گەلان و کۆتاییهێنان بە ئایدیۆلۆژیا نەریتییەکان و بازاڕی ئازادوەك تایبەتمەندییەکی گشتی و بوونی قەیران لەزۆربەی شوێنەکانی جیهان.

٣- دەستێوەردانی سیاسی لە نێوان وڵاتان و دیاردەی کۆچکردن و پاکتاوی نەژادی (التطهير العرقي) و کوشتن لەسەر ناسنامە کە بەشێك دەوڵەتانی دنیا لەو بارودۆخەدا دەژین (مقلد، ٢٠١٦: ٧-٨).

٤- نەبوونی ڕۆشنبیری سیاسی نیشتمانی، ڕۆشنبیری سیاسی مەرجەعێکی سەرەکییە بۆ ڕۆشنبیری تاك، ڕۆڵی دەبێت لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان سەبارەت بە شوناسی نیشتمانی خۆیان و ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی ئینتیما. ئەو ڕۆشنبیرییەی کە پەیوەستە بە کۆمەڵگا ئەوەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی شوناسی نیشتمانی و بنیادنانی نیشتمان و گەل و دەبێتە هۆی پاراستنی مێژوو و کولتوور، ئەگەر ئامانجی ڕۆشنبیری سیاسی بنیادنەری شوناسی تاك بێت و دەستنیشانکەری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بێت، ئەوەیان چوارچێوەیەکی زمانەوانی و مێژوویی و ئایینی هەیە کە ئەوەش هێز و ڕۆشنبیری هاوولاتییە (عبدالله، ٢٠١٩: ٦٨٢).

٥- دیاردەی کۆچکردن: لە کاتێکدا کە جیهانگیری دیاردەی کۆچکردن زیاد دەکات بەمەش بوونی جۆراوجۆری کۆچبەران لەناو نەتەوەیەکدا زۆر جار دەبێتە گۆڕانی چەمکە هەستپێکراوەکانی شوناسی نیشتمانی. لێرەدا چۆنیەتی مامەڵەکردنی هاووڵاتیانی وڵاتێك لەگەڵ پەنابەرێك زیاتر بابەتی پەسەندکردنی کەسییە، کاردانەوەکان بەرامبەر کۆچبەران زۆر جار بیروبۆچوونەکان دەربارەی شوناسی نیشتمانی ڕەنگ دەداتەوە، بیرۆکەکانیش "ئێمە" وەك هاووڵاتی و "ئەوان" وەك دەرەکییەکان، کە بە کۆمەڵ هاوبەشن، زۆرجار کۆچکردن وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر شوناسی نیشتمانی دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی پابەندبوونی تاك بە دابونەریتی نیشتمانەکەی خۆی لە کاتێکدا لە دەرەوەیە ( Ditlmann,2011,P1)

٥-- خاڵێکی دیکەی ئەو ئالەنگاریانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بوونی چەندین ئاراستەی فیکری و سیاسی دژبەیەك، کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی فەوزاو نەبوونی سەقامگیری سیاسی( النائلي، ٢٠١٧).

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بە گوێرەی ئەمانە، کۆچکردن و نەبوونی هۆشیاری دیموکراسی و خراپی گوزەرانیان لە گرنگترین هەڕەشەکان دادەنرێت بۆ سەر شوناسی نیشتمانی، هەروەها دەوڵەتێک ئەندامەکانی لەسەر بنەمایەکی نامەدەنیانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و جیاوازی ڕەگەزی و ئاینی، یان زمانەکەی لەبەرچاو دەگیرێت دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەستی شوناسی نیشتمانی، بەڵام کۆمەڵێك هۆکاریش هەن کە دەبنە هۆی بەهێزکردن و بەرز ڕاگرتنی شوناسی نیشتمانی، بەرچاوترینیان یەکسانی یەیە کە دەبێتە هۆی بنیادنانی هاووڵاتیبوون، هاووڵاتیبوونیش ناسنامەیەکی هاوبەشە کار لەسەر یەکگرتنی چینەکانی کۆمەڵگا دەکات لەسەر بنچینەی یاسایی و دروست و قبوولکراو لەلایەن کۆمەڵگا، کە ئەمە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بەهێزکردنی هەستی نیشتمانی تاك و زیادبوونی لاگیری(ئینتیما)ی تاك بۆ گەل و نیشتمانەکەی.

## بەشی دووەم/ شوناسی نیشتمانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٢١ -١٩٥٨)

سەردەمی پاشایەتی بە قۆناغ و سەردەمێکی تەواو جیاواز لە لە قۆناغەکانی دوای خۆی و پێش خۆی هەژماردەکرێت، بەگوێرەی ئەوەی سیستەمی پاشایەتی تەواو جیاوازە لە سیستمی کۆماری، هەروەها بارووددۆخی ئەو کاتەی عێراقیش تەواو جیاواز بوو لە سەرجەم فاکتەرەکانی دروستکردنی شوناسێکی یەکگرتووی هاوبەش لەنێو کۆمەڵانی عێراقدا، دواتر کێشە و ململانێ سیاسی و ناوخۆییەکان لە عێراق هەر بەردەوامی هەبوو تا گەیشتە قۆناغی لە بەین چوون و هەڵوەشاندنەوەی پاشایەتی کە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو سیستەمی پاشایەتی توانای بەردەوامبوونی نەبوو بۆ دروستکردنی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش، لەم بەشەدا لە چوارچێوەی سێ باس ڕوونکردنەوە بۆ شوناسێکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکەین.

### باسی یەکەم/ کورتەیەك دەربارەی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق:

عێراق پێش دامەزراندنی لە سێ ویلایەت پێکهاتبوو ئەوانیش بریتی بوون لە (ویلایەتی بەغدا، ویلایەتی موسڵ، ویلایەتی بەسرا) (هیشر، ٢٠١٨: ٩). دانیشتوانەکەی کورد و عەرەب و هەندێك تورکمان بووە، لەڕووی ئاینیشەوە پێك هاتبوو لە مەزهەبەکانی شیعە و سوننە و ئاینەکانی ئیسلام و مەسیحی و....هتد، پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١)، چەمکەکانی عێراق و عێراقیبوون لای دانیشتوانی ئەم خاکە ئاشنا نەبوون، کە ئێستا عێراق پێکدەهێنن، خەڵك زیاتر خۆیان لە ڕووی نەتەوەیی و ئاینی و خێڵەکییەوە دەناساند. خەڵکی بەغدا کەمیان لەبارەی خەڵکی بەسرا و موسڵەوە دەزانی خەڵکی پارێزگاکانی دیکە کەمتریان لەبارەی بەغداوە دەزانی، پەیوەندییەکی هاوبەش لەنێوانیادا نەبوو (Krmanj, 2021,P30) .دواتر هەرسێ ویلایەتەکە لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکران و لە ژێر باڵی کۆمەڵەی گەلان کە بەریتانیای مەزن ئیدارەی دەکرد، پاش ماوەیەکی کورت لە هەڵگیرساندنی شەڕ لە ساڵی ١٩١٤ لە نێوان بەریتانیا و عوسمانیەکان بەریتانییەکان دەستیان بە هێرشێکی سەبازی کرد هەرسێ ویلایەتەکەیان داگیرکرد لە کۆتای ١٩١٨ ئەم کارانە بوو هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق (تريب، ٢٠١٣: ٤٣-٤٥). کەواتە سەبارەت بە دەوڵەتی نوێی عێراق، لەم فۆڕمەی ئێستاییدا دوای کەوتنی عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەریتانیا ویستی هەر سێ ویلایەتەکە لە بۆتەی یەك دەوڵەتدا پێکەوە بلکێنێ (ديب، ٢٠١٢، ل٤١-٤٢).

#### لقی یەکەم/ ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ (The Sykes- Picot Agreement)

ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، ڕێککەوتنێك بوو لە بەهاری ساڵی ١٩١٦ لەلایەن بەریتانیا و فەڕەنسا مۆرکرا. پلانی دارشت بۆ هەڵکۆلینی بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەگەری شکستهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم ڕێککەوتنامەیە لە نێوان هەریەك لە دیپلۆماتی بەریتانی سێر مارك سایکس ( Sir Mark Sykes)، نوێنەری فەڕەنسا جۆرج بیکۆ (George-picot) بەسترا، بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی ڕێککەوتنامەکە (سوریا، لوبنان، باکووری عێراق) بەر فەڕەنسا ، (هەردوو ویلایەتەکانی بەسرا و بەغدا لە عێراق، فەلەستین)، بەر بەریتانیا کەوت، بە پێی ڕێککەوتننامەکە ویلایەتی موسل درابووە فەڕەنسا بەڵام فەڕەنسا سازشی لەسەر کرد لە بەرامبەر ئەمەشدا بەریتانیا لە (٢٥%) ئیمتیازی نەوتی موسلی دایە فەڕەنسا (مجموعة من الباحثين، ٢٠١٦: ٤٧). ناوی ئەم ڕێککەوتننامەیەش لە ناوی ئەو دیپلۆماتانە هات کە دانووستانەکەیان ئەنجام دا (Mackenzie, 2018).

#### لقی دووەم/ شوناسی نیشتمانی عێراق لە سەردەمی شۆڕشی بیست (ثورة العشرين):

شۆڕشی بیست شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ ی عەرەبەکان، لە (٣٠ ی حوزەیرانی ١٩٢٠)، تێکۆشانێکی نەتەوەیی بوو، عەرەبەکانی باشووری عێراق لە دژی هێزەکانی داگیرکەری بەریتانیا بەرپایان کرد. ئەم شۆڕشە بە شۆڕشی مەزنی عێراق ناو دەبردرێ لەبەر ئەوەی هەموو شۆڕشەکانی ناوچەکەی بە فاکتەرێکی هاوبەش بەستەوە ئەویش یەکگرتنی ئامانج و دروشمەکانی بوو کە بانگەشەی کۆتاییهێنان بە داگیرکاری بەریتانیای دەکرد ( نصار، ٢٠١١: ٢٥٤). ئەم شۆڕشە لە ئەنجامی ئەو فشار و نادادپەروەییە ئابوورییە بوو کە لەلایەن داگیرکاری ئینگلیزەوە سەپێندرا بوو بەسەر گەلی عێراق، پاڵەپەستۆی سیاسی و دوای ئەوەی عێراقیەکان دركیان بە هەڕەشە لەسەر ژیانیان کرد، ئینجا دەست بەجێ کۆمەڵێك ڕێ و شوێنیان گرتەبەر بۆ وەستاندنی ئەم تەنگژانە. بە پێی بۆچوونی (د. علي الوردي والشيخ محمد رضا الشبيبي) هەندێك بیرمەندی دیکە کۆمەڵێك هۆکار بوونیان هەبوو لە سەرهەڵدان و تەقینەوەی شۆڕشی بیست، بریتیین لە مانەی خوارەوە:

هۆکاری یەکەم: فشاری ماددی و ئابووری بوو، لە ئەنجامی سەپاندنی باجێکی زۆر و بێ هەژمار هاتە ئاراوە، هەروەها مامەڵەی خراپی ئەفسەرە بەریتانییەکان ئەوانەی دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر ویلایەتەکانی عێراق، هەروەك شێخ محمد رضا ئاماژە بەوە دەکات شۆڕشی ساڵی (١٩٢٠) لە دەرئەنجامی هۆکارێکی سەرەکی لە دایك بوو یان سەرییهەڵدا، کە یەکەمیان بە تالانبردن و وشککردنی هەوڵ و ماندووبوونی کرێکارانی کشتوکاڵی لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێکی کشتوکاڵییە پێش هەموو شت، دەست

بەسەرداگرتنی سەرچاوە خامەکان و بە تاڵانبردنیان و پێدانی هەرزانترین نرخ بە خاوەنەکانیان و بە کارهێنانی ئەو مادده خامانە لە لە پیشەسازی سەردەم و مامەڵە پیکردنیان دووبارە لە بازارەکانی وڵات بە بەرزترین نرخ.

هۆکاری دووەم: فشاری سیاسی و بەرتەسککردنەوەی ئازادی بوو، ڕێگە گرتن بوو لە دەربڕینی ڕایەکانیان و داواکردنی مافەکانیان لە دیاریکردنی چارەنووسیان و هەڵبژاردنی سەرکردەکانیان و حکومەتی دڵخوازی خۆیان (Fabal, 2015,P10)

هۆکاری سێیەم: بریتی بوو لە شکانی بەڵێنی بەریتانییەکان لەگەڵ هاتنی بەریتانییەکان بۆ عێراق دواتر بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکان لە ڕێگای ڕاکێشانی هەست و سۆزی عێراقییەکان بۆ سەبەخۆیی بەرەوپێشبردنی وڵات سەربازە بەریتانییەکان بە خەڵکی عێرقیان گوتبوو، کە ئەوان وەك ڕزگارکەر و ئازادکەر هاتوونەتە وڵاتەکەیان، بەڵام ئەم بەڵێنانە تەنها بوونە هیوایەك لە دوای جەنگ ئەم بەڵێنە پێچەوانە بۆوەو دەستیان بەسەر هەموو وڵاتدا گرت، تاساڵی ١٩١٨ ئیدارەیەکی بەریتانیان بۆ هەموو وڵات دامەزراند (الیاسري، ١٩٦٦: ٨٤).

هۆکاری چوارەم: یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان شۆڕشی میسر لە ساڵی ١٩١٩ بوو دژی بەریتانیا هاندەرێکی باش بوو بۆ عێراقییەکان تا ئەوانیش شۆڕش بکەن، بەڵام پاڵنەری سەرەکی عێراقییەکان بۆ سەربەخۆیی و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان بوو لەلایەن خۆیان هۆکارێکی گەورەی پشت سەرهەڵدانی شۆڕشەکە بوو دژی دەسەڵاتە داگیرکراوەکان کە لەوکاتەدا نەوەستابوون، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆحی نەتەوایەتی لە هەموو عێراق (البزاز، ١٩٥٤: ٢٥).

کەواتە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی سیاسەتی بەریتانیا لەسەر سیستەمی پاشایەتی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ خەڵك دابەش دەکرێت بۆ ئاستەکانی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی)، هەمیشە هەوڵی داوە ئەم سیستمە ملکەچی خۆی بکات.

ئەم شۆڕشە بووە هۆکاری گۆڕانکاری لە عێراق، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە شێوازی کۆنترۆڵکردنی عێراقدا بکرێت، لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ سێر پرسی کۆکس نێردرایەوە بەغدا بۆ ئەوەی ڕۆڵی کۆمیساری باڵای سەرەکی سیاسەتی بەریتانیا وەربگرێت، عێراقییەکان توانیان دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ناچار بکەن لە پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی پرۆسەکە خێراتر بکەن (Dodge, 2006, P3).

هەروەها دەتوانین بڵێین ئەم شۆڕشە بە بناغەی ئەفسانەی نیشتمانپەروەری عێراقی دادەنرێت، یەکێك لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی شۆرشی بیست لێکنزیکبوونەوەی دوو پێکهاتە مەزهەبییەکەی عێراق شیعە و سوننە بوو، بەتایبەتی لە بەغدا هاوکاری و هاوسۆزی شیعەکان و سوننەکان بوو بۆ یەکتری سوننەکان بەشداری ڕێورەسمی عاشوورایان کرد، شیعەکانیش لەلای خۆیانەوە بەشداریی ڕێورەسمەکانی مەولوودی پەیامبەریان لەوساڵەدا کرد. هەرسەبارەت بە لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکانی عیراق، هەندێك لە ئەکادیمییە ڕۆژئاواییەکان پێیان وابوو شۆرشی بیست زادەی گەشەی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری عێراقی بوو لە دژی بەریتانیا (کرمانج، ٢٠١٧، ل٨٧-٨٨). کەواتە شۆڕشی بیست زیندووکردنەوەی ڕۆحی نیشتمانپەروەری و لێکنزیکبوونەوەی تائیفی بوو، بەم شێوەیە گەلی عێراق دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ڕەخسا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بۆ سەرهەڵدانی دڵسۆزی ئینتیمای نەتەوەیی، ئەولەویەتی پێدرا بەسەر دڵسۆزی و ئینتیما لاوەکییەکانی وەك (ئایینی، مەزهەبی و خێڵەکی) (حسین، ٢٠١٥)

**باسی دووەم/ شوناسی نیشتمانی عیراقی لە سەردەمی شا فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣)**

**لقی یەکەم/ دامەزراندنی حکومەتی کاتی لە عێراق**

مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق سێر پرسی کۆکس، بۆ هێورکردنەوەی ڕای گشتی عێراقی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە پێشنیاری دروستکردنی حکومەتێکی بۆ عێراقیەکان کرد، ئەم پێشنیارەی خستە بەردەم نەقیبی ئەشرەفی بەغدا (عبدالرحمن النقیب) و داوای لێکرد کابینەیەکی حکومەت لە چەند وەزیرێکی عێراقی پێکبهێنێ لە (٢٥-١٠-١٩٢٠) حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی عبدالرحمن النقیب پێکهێنرا ( الحسني، ١٩٨٨: ١٨-٢١). بەریتانییەکان زەمینەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکیان بۆ گەلی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەو حکومەتەی دەیانویست خۆشکرد، حکومەتەکە لە وەزیرە عەرەبەکان بەسەرپەرشتی ڕاوێژکارە بەریتانییەکان پێکهاتبوو، ئەم حکومەتە توانی کۆمەڵێك دەستکەوت بەدەست بهێنێت گرنگترینیان ئارامکردنەوەی بارودۆخی وڵات، هەڵبژاردن، دامەزراندنی سوپای عێراقی، ڕێکخستنەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت لەسەرتاسەری عێراق (جواد، ٢٠١٨: ٨٥٧).

یەکەم/ دانانی شا فەیسەڵ وەك پادشای عێراق

کاتێ بەریتانییەکان سیستەمێکی پاشایەتیان بۆ عێراق لە ژێر حوکمی هاشمیدا هەڵبژارد، لە (ئابی )،١٩٢١ فەیسەڵ وەك پاشای عێراق هەڵبژێردرا.

هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت دامەزراندنی فەیسەڵی یەکەم وەك پاشای عێراق:

١-فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێن کوڕی شەریفی مەککە بوو، لە بەنی قورەیش بوو، پێگەیەکی ئایینی بەرزی هەبوو لە عێراق و شام.

٢-وەك ڕەگەزێکی هاوسەنگی لەم قۆناغەدا لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق.

٣- لەبەرئەوەی کەسێکی نامۆیە لە عێراق هەمیشە جەخت لەسەر پشتبەستنی خۆی بە بەریتانییەکان دەکات، لەپێناو مانەوەی لەسەر دەسەڵات.

٤- دوژمنایەتی فەیسەڵی یەکەم لەگەڵ بەڵشەفیەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پەسەندی کردووە بۆ ئەوەی ببێتە بەنداوێك بەرامبەر شەپۆلی کۆمۆنیزم لە ناوچەکە (جواد، ٢٠١٨: ٨).

دووەم/ هەوڵەکانی شا فەیسەل لە پێناو دروستکردنی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش

دووەم/ هەوڵەکانی شا فەیسەل لە پێناو دروستکردنی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش

ئەگەر باس لە شا فەیسەل بکەین کە دیارترین دامەزرێنەری دەوڵەتی عێراق بوو، ڕۆڵی هەبوو لە پلانی شۆڕشی عەرەبی و سەرکردایەتی هێزەکانی دەکرد، خاوەن هێزێکی گەورە بوو، ئامانجی سەرەکی شۆڕش دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی سەربەخۆ بوو لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی (العیشاوي، ٢٠١٠، ص٧٨-٧٩). کاتێک شا فەیسەل کوڕی حوسێن بۆ ئەوەی تەختی پاشایەتی عێراق بگرێتە دەست ڕووبەڕووی گرفت بوو کە خۆشی پێشتر درکی پێ کردبوو ئەویش فرەیی و پەرتەوازەیی دەوڵەتی عێراق بوو، پاشای دامەزرێنەریش هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە عێراقی (نەتەوە) دروووست بکرێت دیسپۆرای خێڵ و مەزهەب و ئایین بکرێت کە لەسەر ئەم خاکە دەژین، هەوڵی داوە شوناسی دەوڵەت نەتەوە درووست بکات، هەروەک دیارە ئەو هاوبەشیانەی کە شووناسی نەتەوەیی درووستی دەکەن بریتیین لە یاسا و داب و نەریت لەناو نەریتەکانیش نەریتی فاشیۆن (جل و بەرگ)، دەرئەنجامی جیاوازی ئێتنیکی و تائیفی و ئایینی لە عێراق، جل و بەرگی پیاوانی بەسەر دوو بەشدا دابەش کرد کە یەکەمیان قاتێکی ئەوروپی بەتاربووش بوو وەک سەرپۆشێک و ئەم جلە لەلایەن چینی فەرمانبەرانی حکومەت و بەشی ڕۆشنبیر و چینی سەرووی کۆمەڵگاوە دەپۆشرا، بەشی دووەم جل و بەرگی نەریتی

جۆراوجۆری دەپۆشی جلی عەرەبی سەربەند (العقال) جل و بەرگی کوردی لە باکوورەوە (الطائي، ٢٠٢١).

بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ساڵی ١٩٢١ لە نێو هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ دروووستکردنی شوناسێکی عێراقی شا فەسەڵ هەوڵی ئەوەی دا کە جل وبەرگێک بۆ عێراقیەکان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی تەرپوشی عوسمانی جێبهێڵن لەم بارەیەوە چەند چیرۆکێک باس لە شوناسی ڕووداوی فەیسەڵ و کڵاوەکە دەکەن کە ناسراوە بە (سیدار)، هەندێکیان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئیتالیا بە ڕێککەوت پێی درابوو، پێی خۆش بوو لەسەری کرد وەک سەرپۆشێک هەڵیبژارد کە شوناسی عێراق یەکدەخات، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە سکرتێرەکە (ڕۆستەم حەیدەر) کرد بەرگدوورێکی شارەزا بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەک لەو سیدارەیە بدوورێت پاشا دەیکاتە دیاری بۆ کارمەندان و میوانەکانی لەسەرکردنی وەک فۆرمێک بۆ کۆمەڵگا، لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت هەوڵەکانی پێشووی شا فەیسەڵ لەم ناوچەیەدا، لەسەرەتادا بڕیاری لەسەرکردنی سیدارە ئارەزوومەندانە بوو تاکو بڵاوبوونەوەی یاسای فاشیۆن (الطائي، ٢٠٢١)

شا فەیسەل واخۆی نیشان دەدا کە لە توانای دایە یەکێتی خاکی عێراق بپارێزێت بۆیە کاتێك گەیشتە عێراق لە ڕێگەی چوونی بۆ شاری بەغدا سەردانی مەزاری ئیمامی عەلی لە نەجەف ئیمام حوسێن لە کەربەلا کرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە جل وبەرگی عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەی لەبەر کردبوو بۆ ئەوەی وا پیشان بدات کە یەکێکە لەوان، هەروەها وا پیشان بدات کە کۆمەڵێك لە ئامانجەکانی شۆڕشی بیست بەدیهاتووە، بەوەی کەسایەتییەکی عەرەب سەرکردایەتی عێراق دەکات، هەروەها لە گوتارەکانیدا ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە ئیمامە شیعەکان دەدا بۆ ئەوەی وادەربخات کە ئەو یەکێکە لەنەوەکانی ئەوان، هەروەها ئەو ڕێککەوتەی کە شا فەیسەڵ تاجی لەسەرنرا هاوکات بوو لەگەڵ جەژنی عەزیز (عید العزیز)*کە دەکاتە ٢٣-ئاب ئەمەش هەنگاوێکی دیکە بوو لەلایەن شا فەیسەڵ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شیعەکان بۆ ناو بازنەی دەوڵەتەکەیان (کرمانج، ٢٠١٧: ١١٢-١١٣).

یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی شا فەیسەل بۆ بەنیشتمانیکردنی عێراق خستنە ناوەوەی عێراقییەکان بوو بۆ ناو دامودەزگاکانی وڵات لە هەموو ئاستەکاندا کاریگەری بەسەر بە عەرەبکردنی ڕژێمەکەوە هەبوو بریتی بوو لە کردەوەیەکی پشتگیری لێکراو بە وەرچەرخان لەتورکییەوە بۆ عەرەبی لە بوارەکانی بەڕێوەبردن و سیستەمی فێرکردن (قوتابخانەکان)، زمانی ئینگلیزی بوو بە زمانی دووەم، ئەم کرداری بە عەرەبکردنە بە ئاشکرا لەو سیستەمەی فێرکردنەدا دیاربوو لە ماوەی ئینتیداب دا دادەمەزرا. هەروەها زۆر جەخت لە چەمکەکانی نەتەوایەتی عەرەب و نیشتمانپەروەی لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن دەکرایەوە بەپێی تواناش خۆ ڕزگارکردن لە کاریگەرییەکانی ئێستا و پێشووی ئیمپریالزم دەکرد چەمکەکانی نەتەوایەتی لەو سەردەمەدا پێشکەوتنخواز بوون کەبەرهەڵستی تایفەگەری و جیاوازی ڕەگەزی دەکرد، هەروەها لە پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکان بەزۆری جەخت لەسەر زمانی عەرەبی و مێژووی عەرەب دەکردەوە (مار: ل٤٠).

شا فەسەڵ هەولی زۆری داوە بۆ درووستکردن و پێکهێنانی شوناسێکی عێراقی یەکگرتوو، هەروەها پلانێکی زانستی و ورد و ڕێبازێکی یەکپارچەیی بۆ زیادکردنی هێزی سوپا لەڕووی ژمارەوە دا پێی وابوو سوپا بڕبڕەی پشتی پێکهێنانی نەتەوەیە (سەرباری هەموو هەوڵەکانی شا فەیسەل بەڵام نائومێدی دەربڕی لە ئەگەری بنیادنانی دەوڵەتێك بە شوناسێکی یەکگرتووەوە ساڵێك بەر لە مردنی لە یاداشتێکدا بۆ عێراقییەکان تیایدا نووسی بووی (العلاف، 2014). عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تێدا نییە کە ئەویش یەکگرتوویی بیروباوەڕ و یەکگرتوویی ئاینیە، ئەم بارودۆخەش خۆی لە خۆیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر دابەشبوونەکە (عبدالجبار، ٢٠١٨، ١-٤). حوکمەتێك سوونی حوکم دەکا، حوکمکردنی ناوچەی کوردەکان لەلایەن زۆرینەیەکی دواکەوتوو بەڕێوەدەبردرێن کە تەنها گرنگی بە بەرژەوەندییە کەسییەکان دەدەن، هەروەها چینێکی دواکەوتوو بەشدارن لە حوکمکردنی شیعەکان کە پاشکۆیی حوکمەتی تورکی بوون. کە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی خەندەقێکی قوڵ لە نێوان گەلی عەرەب لەنێوان ئەم دوو مەزهەبە هەزاران جار گوێبیستی ئەم وتەیە دەبوین کە دەوترا باج لەسەر شیعەکان، مردن بۆ شیعەکان پلەوپۆست بۆ سوننەکان هەروەها بیروباوەڕی خێڵەکی و هەژمونی سەرۆك عەشایرەکان ڕێگرییەکی گەورە بوون لەبەردەم دەسەڵاتدا هەموو ئەو چاوچنۆکی و هەڵپەرستییانە بونە ڕێگر و بەربەست، دواکەوتوویی وڵات. ئەگەر کارێك نەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاریشانە بە گشتی چ بە هێزی ماددی یان بە شێوازێکی حەکیمانە ئەویش کەسانی نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە بنە شوێنگرەوەی کەسانی توندوتیژ ئەگەرنا وڵات بەرەو ناهەمواری و ناسەقامگیریی زیاتر دەڕوات (داویشة، ٢٠١٩: ٨٩-٩٠). هەر لەبەر ئەمەشە بە کورتی و "بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە دەڵێم من باوەڕم وایە کە هێشتا هیچ عێراقیەك لە عێراقدا نییە بەڵکوو کۆمەڵێك تۆپەڵی مرۆیی خەیاڵی هەن کە دوورن لە هەمو بیرۆکەیەکی نیشتمانی کە بەداب ونەریتی ئاینی نادروست پڕکراون هیچ شتێك بەیەکەوەیان گرێ نادات ئەوان هەمیشە ئامادەن دژی هەر حکومەتێك هەڵسن لەم حاڵەتەدا دەمانەوێت خەڵکانێك پێکبهێنین کە فێری دیسپلین و ڕاهێنانیان بکەین) (عبدالجبار، ٢٠١٨، ١-٤).هەمیشە شا فەیسەڵ هانی هاوڵاتیانی ئەدا یەکبگرن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان ببین لە زامنکردنی ژیانی داهاتوویان. هەستی ڕیالیستی بۆ سیاسەت ئەوەی فێر کردبوو لە پێناوی دەستکەوتێکی باشترو بردنی عێراق بەرەو سەربەخۆیی پێویست بوو چاوەڕوانی بارودۆخی لەبار بکات. دوانزە ساڵ پاش لەسەرکردنی تاجی پادشایەتی لە عێراق، فەیسەڵ لەڕاستیدا، توانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەست بکەوێ، لە ٣ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٢ عێراق سەربەخۆیی خۆی وەرگرت (عیسا، ٢٠٠٩، ل١٥١).

سێیەم/ کاریگەری پەروەردە لەسەر شوناسی نیشتمانی عێراق

پەروەردە خۆی لەخۆیدا ئەو بنەما و ئامرازەیە کە دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەوەوە بیری ناسیۆنالیستی لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگا بچێنرێت، بۆ نموونە جان جاك ڕۆسۆ پێی وایە "گەورەترین تاقیکردنەوەی پەروەردە توانای چاندنی چوارچێوەیەکی نەتەوەیی بۆ هەر مرۆڤێك هەیە و ئاڕاستەکردنی مرۆڤ بۆ ئەوەی سروشتی نیشتمانپەروەر بێت هەر لەو کاتەوەی منداڵ چاوەکانی دەکاتەوە دەبێت نیشتمانەکەی ببینێت هیچیتر نەبینێت"، سەرکردەکانی شۆڕشی فەڕەنسی بیرۆکەکانی ڕۆسۆیان جێبەجێکرد ئەوان سیستەمێکی پەروەردەی یەکگرتوویان دامەزراند ئامانج لێی دروستکردنی هاوڵاتی نیشتمانپەروەر بوو (داویشة: ٩٦-٩٧).

*جەژنی عەزیز (عید العزیز)، ئەو جەژنەیە کە شیعەکان پێیان وابوو کاتێ پێغەمبەری ئیسلام محمد (ص)، ئیمام عەلی وەك جێنشینی خۆی دیاریکرد.

سەبارەت بە عێراق پێش هاتنە سەرتەختی شا فەیسەڵ بارودۆخی پەروەردەیی لە عێراق زۆر خراپ بوو، لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی لە عێراق چەند قوتابخانەیەکی کەم لە عێراق هەبوون کە پێی دەگوترا (الملة)، ئەم چالاکییە کولتووریە کە لە زۆربەی شارەکانی عێراق زاڵ بووو چەند قوتابخانەیەك لێرەو لەوێ هەبوون بۆ پەروەردەکردنی خەڵکی عێراق (أبودلة، ٢٠١٨: ٢٨٤-٢٨٦). پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق جولەکە و مەسیحییەکان قوتابخانەی پەرستگای تایبەت بەخۆیان هەبوو، شیعە خوێندەوارەکان بە گشتی دەرچووی قوتابخانە ئاینییەکان بوون، بەڵام کاتێك شا فەیسەل هاتە سەر تەخت گرنگییەکی زۆری بە بواری پەروەردە داو پێی وابوو پێشکەوتنی گەلان پەیوەستە بەئاستی پەروەردەیی بەهەموو جۆرەکانییەوە کەواتە لەکارە هەرە گرنگەکانی شا فەیسەل گرینگیدان بوو بە پەروەردە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی پاڵی پێوە بنێت لە بنیادنانی زانکۆی (ال البیت) لە ساڵی ١٩٢٢، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم زانکۆیە نزیکبوونەوەی بیروبۆچوونوکان بوو لە نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان و لادانی ئاستە جیاوازەکانی نێوان مەزهەبەکان بوو کە ببووە هۆی نەبوونی یەکێتی وڵات بۆیە لە وتاری دانانی بەردی بناغەی ئەم زانکۆیە شا فەیسەل گووتی (هەر کارێك لەسەر بناغەی باش بنیادنەنرابێت وەك ئەم کارە، ئەوا هیچ دەرئەنجامێکی باشی نابێت بۆیە ئێستا من بەردی بناغەی یەکەم زانکۆ دادەنێم لە عێراق  داواکارم لە گەلەکەم، ببێتە هۆکاری دروستکردنی زانکۆی زیاتر وەك ئەم زانکۆیە بەڵکوو پێشکەوتوتریش بۆ گێڕانەوەی شکۆ و شانازی مێژوویی کۆنی خۆمان و لابردنی بیری نازانستی دانانی زانست و ئەدەب) (داویشة، ٢٠١٩: ٩٠). ئەم گرنگی پیدانەی فەیسڵ بە پەروەردە هەستکردن بوو بە ئاسی نزمی پەروەردە لە عێراق، کە لە بۆچوونەکانی (هنری فۆستەر) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە عێراق بەپێی ئامارەکانی ئەو ئەوانەی توانای نووسین و خوێندنەوەیان هەبوو ڕێژەیان لە ١% تێپەڕی نەدەکرد. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش ئەوەی کە بەدەست هات لە بواری پەروەردە و فێرکردن ئاستێکی دیاریکراو لە ئاستی حەزو ویستی شا نەبوو، کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی بوونیان هەبوو کاری کردە سەر بیرووبۆچوونەکانی شا سەبارەت بە پەروەردە، لە ساڵی ١٩٢٧ کۆلێژی پزیشکی لە بەغدا کردەوە ژمارەیەکی زۆر پزیشك دەرچوون دواتر چوونە بەریتانیا بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی، کەواتە گرنگی پێدانەکەی بۆ خوێندن تەنها بە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی نەبەستبۆوە، بەڵکوو گرنگی زۆری بە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و بەستنی کۆنگرەکان داوە، هەربۆیە لە ماوەی حوکمڕانی ئەو کۆنگرەی پەروەردەیی بەسترا لە ١٠-نیسانی ١٩٣٢ بەردەوام بوو بۆ ماوەی یەك هەفتە خۆشی ئامادەیی هەبوو لەم کۆنگرەیە وتاریکی پەروەردەیی پێشکەش کرد، ئاماژەی بە ڕۆڵ و گرنگی پێگەی مامۆستا دا گووتی دڵنیاتان دەکەمەوە ئەو کارەی ئێوە پێی هەڵدەستن زۆر گرنگترە لەو کارەی پادشا و وەزیرەکان هەر کارێك لە پێناو وڵات دەکرێت گرنگتر نییە لەو کارەی مامۆستایان دەیکەن (أبو دلة، ٢٠١٨: ٢٨٦).

کەواتە پێش سەردەمی دامەزراندنی دام ودەزگاکانی عێراق وەك دەوڵەت خوێندن و فێرکردن یان دروستکردنی شوناس لە عێراق لۆکاڵی و ناوچەیی بوو، لە بۆشایی پەروەردەی مۆدێرن بوو لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بۆ نموونە هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا خوێندنی ئاینی هەبوو، بۆ نمونە هەر گروپێك خوێندنگەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو شیعەکان تاکەکانیان لەسەر بنەمای شیعایەتی پەروەردە دەکرد سوننەش بە هەمانشێوە، ئەمەش وایکردبوو کەوا شوناسێکی هاوبەش لە ڕێگەی پەروەردەیەکی هاوبەش دروست نەبێت، بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەتایبەتیش لەسەردەمی شا فەیسەڵ کاریانکرد بۆ دروستکردنی خوێندنی مۆدێرن لە ڕێگای کۆکردنەوەی شوناسە جیاوازەکان لە چوارچێوەی قوتابخانە و زانکۆکان.

چوارەم/ پرسی کورد لە عێراق

لە سەردەمی حوکمڕانی شا فەیسەڵ، ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بۆیەوە ئەویش ئاواتی کوردەکان بوو بۆ دروستکردنی حوکمەتێکی سەربەخۆ، ئەمەش پێچەوانەی ئاواتی بەریتانییەکان بوو لە هەمانکاتیشدا دژایەتی دەکرد لەگەڵ هەست و سۆزی ناسیۆنالیزمە عەرەبەکان، لەبەر ئەو ڕاستیەی کورد لە ڕووی ئیتنی و زمان و ڕەچەڵەك و کولتووریەوە تەواو جیاوازن لەگەڵ عەرەب، کاتێك شا فەیسەل دەسەڵاتی گرتە دەست کێشەی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە لە نێوان تورکیا و بەریتانیا سەریهەڵدا، شا فەیسەڵ دەیویست باشووری کوردستان ببێتە پاشکۆی عێراق، داوای لە کورد کرد بەدەم داواکارییەکەیەوە بچن. پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی لە ئارادابوون کاتێك شێخ مەحمودی نەمر ١٩٢٠ حکومەتێکی لە شاری سلێمانی دامەزراند بەڵام ئەوکات حکومەتی بەریتانیا هەڵمەتێکی سەربازیی لە دژی پێکهێنا، لە دەرئەنجامدا توانی ئەم حوکمەتە هەڵبوەشێنێتەوە (صالح، عبدالرزاق، ٢٠١١: ٥).

کەواتە لەم سەردەمەدا کورد پاشایەکی عەرەبیان لە سەرکردایەتیکردنی کوردستان ڕەت کردەوە، ئەوان ویستیان دەست بەسەر ناوچە کوردییەکان دابگرن لە هەمانکاتیشدا کوردەکان سەربەخۆییان دەویست، بە دەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردیش واتا جیاکردنەوەی کوردستان و عێراق.

حکومەتی بەریتانیا ویستی هێز لە کوردی عێراق وەربگرێ، عێراقێکی بە هێزتر بنیاد بنێت، وا خۆی نیشاندا کە بەرگری لە مافی کوردەکان دەکات حکومەتێکی خۆ بەڕێوەبەریان دەداتێ بەو مەرجەی ڕازیان بکات دان بە شا فەیسەل دابنێن وەکو پادشای عێراق، پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بەپێی پەیمانی سیڤەر ویستیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان لە ویلایەتی موسڵ دروست بکەن کاتێ دەوڵەتی عێراق ڕاگەیەنرا ویلایەتی موسڵی لەگەڵ نەبوو دانانی پەیمانی سیڤەر بە مافی کوردەکان لە دیاریکردنی چارەنوسیان هیواو ئاواتێك بۆ کوردەکان گەڕایەوە بۆ بەدەستهێنانی نیشتمانیان بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریاندا دەوڵەتی کوردی دروست نەکەن و ویلایەتی موسڵیان خستە سەر عێراق (عمرون، ٢٠١٧: ١١).

کەواتە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەدەرەوەی ئیرادەی کورد بوو کە پێکهاتەیەکی گەورە بوو لە عێراق وایکردووە هیچ کات کورد ئینتیمایان بۆ ئەو دەوڵەتە نەبێت ئەمەش گەورەترین کێشەی بنیادنانی شوناسە، هەروەها مافی ئەم پێکهاتەیە نەدرابوو تەنها هەڵوەستە لەسەر نەتەوەی عەرەب و عروبە دەکرایەوە دەیانویست دەوڵەتێکی یەك ڕەنگ دروستبکەن.

پاشان بەهۆی دەرکەوتنی دانووستانەکان پەیماننامەی لۆزان لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا لە ساڵی١٩٢٣ لە شاری لۆزانی سویسری بەسترا، ئەم مافە ڕەوایەی کوردیان لەناوبرد سەبارەت بە مافی چارەی خۆنوسین لەو بەشەی کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوچوو زیاتر دروستکردنی دەوڵەتی کوردی زیاتر لاواز کرد، بەریتانیا و عێراق ڕێککەوتبوون کە ناوچە کوردییەکان بخەنە چوارچێوەی سنووری عێراق بۆ ئەم مەبەستەش هەریەك لە بەریتانیا و عێراق بەیانێکی هاوبەشیان دەرکرد، لە بەیانەکەشدا هاتبوو هەردوو حکومەت دان بە مافی کورد لەو ناوچانەی کە زۆرینەی ڕەهای کوردە دادەنێن، داواشیان لە پێکهاتە کوردیە جیاوازەکان کردبوو

لەنێوان خۆیان بە زوترین کات ڕێکبکەون لەسەر دیاریکردنی شێوەی حوکمڕانی و پێکهێنانی حکومەتێك، بەڵام ئەم خستنەڕووانە هیچ دەرئەنجامێکی نەبوو (عثمان، ٢٠١٢: ٦١-٦٢). هەر دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق هەمیشە کێشە و ململانێیەکی قوڵ هەبوو هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ خەون و ئارەزووە دژ بەیەکەکانی ناسیۆنالیستە کوردەکان و عەرەبەکان و عێراقییەکان، کوردەکان بەشێوەیەکی بەردەوام دووپاتیان دەکردەوە کە کوردستان بەشێك نییە و نەبووە لە عێراق، لە بەرامبەردا ناسیۆنالیستە عەرەبەکان عێراقییەکان جەختیان لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکردەوە گەلەکەی و خاکەکەشیان وەك بەشێك لە دونیا ونەتەوەی عەرەب دادەنا (کرمانج، ٢٠١٧: ١٣٣).

پێنجەم/ کێشەی ویلایەتی موسڵ

پاش ئەوەی تورکیا بە گوێرەی پەیماننامەی لۆزان دەستبەرداری مافەکانی خۆی بوو، بەڵام هێڵی سنوور دیاری نەکرابوو لە نێوان عێراق و تورکیا، گفتوگۆ و دانووستاندن بەردەوام بوو لەبارەی لکاندنی ویلایەتی موسل بە تورکیا یان بە عێراقەوە (ئەریکانلی، ٢٠٢٢: لاپەرە). کاتێك گەورە بەرپرسانی بەریتانیا و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسل نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك ئەو کێشەیەیان ڕادەستی کۆمەڵەی گەلان کرد. بەم شێوەیە کۆمەڵەی گەلان لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ لێژنەیەکی پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك بۆ ئەوەی بزانن کە دانیشتوانی ویلایەتی موسل دەیانەوێت لە عێراق بمێننەوە یان ببنە بەشێك لە تورکیا (کرمانج، ٢٠١٧: ١٣٢). لێژنەکە پێکهاتبوو لە هەریەك لە (مستەر ویرسن، کۆنت تێلێکی، کۆلۆنیل پاولیس)، دەسەڵاتیان درایە بۆ لیکۆڵینەوەی دەستبەجێ لە ڕاستییەکانی ویلایەتەکە لەسەر ئەرزی واقیع. لەو ماوەیەدا لێژنەکە سنوورێکی کاتی دارشت کە دەستنیشانی دۆخی سەربازی ئەوکاتەی دیاریکردبوو (الوضع الراهن)، ئەم سنوورە بە هێڵی بڕۆکسل ناسرا، لە ساڵی ١٩٢٥ ئەنجومەن ڕاپۆرتەکەی تاووتوو کرد کە تێیدا ڕایسپاردبوو هێڵی بڕۆکسل بکرێتە بنەما، سنوور و ماوەی ٢٥ ساڵی ماندێت بدرێتە بەریتانیای مەزن و سەربەخۆیی کولتووری بدرێتە کوردەکان، لە ١٦ دیسەمبەری ١٩٢٥ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان ئەم ناوچە کێشە لەسەرەی بەخشیە عێراق (حسین، ١٩٥٣: ٢٢).

بەیەکلایی بوونەوەی وویلایەتی موسڵ بۆ عێراق، کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی عێراق کرد لەڕووی نەتەوەییەوە کێشەی کورد لێرەوە لە عێراقدا سەرهەڵدەدات کە دەبێتە کێشەیەکی گرنگی عێراق لەڕووی شوناسەوە، تا ئەوکات عێراق زۆرینەی هەرە زۆری عەرەب بوو بەڵام کە زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کوردن و دێنە ناو چوارچێوەی عێراقەوە ئیتر لەوێوە کێشەیەکی دیکەی شوناس بۆ عێراق زیاد دەکات کە تائێستاش کاریگەریی هەیە.

شەشەم/ دەستووری ١٩٢٥

دەستور کوڵەگەی سێیەمی سیستەم و پەیوەندییەکی بەهێزیشی بە پەیماننامەکەی ١٩٢٢ هەبوو، چونکە کاتێك حکومەتی عێراقی یەکەم پەیماننامەی خۆی لەگەڵ بەریتانیا واژوو کرد داوای نووسینی دەستووری لە حکومەتی عێراقی کردبوو (الحسني، ٢٠٠٠: ٣٥٦). مەبەست لە نووسینی دەستوور ئەوە بوو کە دەسەڵاتێکی جێبەجێکار تەواو بە شا فەیسەل و کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا بدات، بۆئەوەی بە توانایییەکی تەواو حوکمڕانی بکەن هەروەها بۆ نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتوان (مار: ٤٧). بەڵام کە باس لە نوێنەرایەتی پێکهاتە جیاوازەکان دەکرێت لەدوای نووسینی دەستوورەکە و لە ماددەی (٢) ی دەڵێت (عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری خۆیەتی خاکەکەی دابەش ناکرێت و هیچ پارچەیەکی لێ جیانابێتەوە) (المعهد الدولي لحقوق الإنسان، ٢٠٠٥: ٩).

ئینجا عێراق یەکەم دەستووری خۆی لە ساڵی ١٩٢٥ نووسی، دامەزرابوو لەسەر سیستەمی پەرلەمانی پابەند بە دەستوور، بەڵام یاسای بنەڕەتی عێراق تەنها دەرئەنجامی ئەو فاکتەرە سیاسی و کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی بیانی داگیرکردا هەبوو، بەریتانیا هەوڵی دا لە ڕێگەی دەستوورەوە گەرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا بکات (جاسم، ناجي، ٢٠١٩: ٢٨٠).

لە دەستوری ساڵی (١٩٢٥)، سەبارەت بە دابینکردنی مافەکانی کەمەنەتەوەکان پێش هەمووشیان گەلی کورد هیچی باش دەربارەی گەلی کورد و گەلە ناعەرەبەکانی تێدا نەبوو، لە بەندی (٢) ی دەستوور کە بۆ دەستنیشانکردنی باری نەتەوەیی لە عێراق دەستنیشانکراوە بەڵام هیچ ئاماژەیەکی ڕوونی نەکردووە بە هەمەچەشنی و فرەنەتەوەیی وەکو ئەوە وابوو کە تەنها یەك نەتەوە و یەك ئاینزا هەبێت لە عێراق، بەوپێیەی کە کورد نەتەوەی دووەم بوو لەم دەستورەدا هیچ ئاماژەیەکی فەرمی بە گەلی کورد نەکردبوو بەڵکو هەوڵی دابوو شوناسی نەتەوەی کورد لەناو بۆتەی هاونیشتمانییەکی عێراقچێتیدا بتوێنێتەوە.

هەرچەندە لە مادەکانی(٦، ١٦، ١٨)، ئاماژە بە یەکسانی هاولاتیان دەکات لەبەردەم یاسا و ئەرك و مافەکانی هاولاتیان بەڵام حکومەتی بەریتانیا و عێراق لە بری سەلماندن و دابینکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد پیچەوانە کاریان کرد بۆ بەرپەچدانەوە و سەرکوتکردنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد ئەمەش بە ڕوونی دیاربوو لە مادەی (١٢٠)، کە تایبەت بوو بەدەسەڵاتی حکومەت بۆ ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی باری نائاسایی لەکاتی هەر پشێوی و ئاژاوەدا ئەمەش کوردستانی باشووری دەگرتەوە بە شێوەیەك حکومەتی عێراقی و بەریتانیا زیاتر دەست واڵابوون بۆ سەرکوتکردنەوەی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی کوردی (نەجات، 2018).

ئەم یاسا بنەڕەتییە لە عێراق لەلایەن ئیدارەی بەریتانیاوە بەبێ بەشدارییەکی جدی عێراقییەکان هاتە ئاراوە بۆیە دەتوانین بڵێین هەر بە مردووی لەدایك بو و نەبووە هۆی سەقامگیرییەکی تەواو بۆ کۆمەڵگای عێراقی، چونکە شوناسی نەوەیی عێراقییەکان پشتگوێ دەخات و دانی بە پێکهاتەو مەزهەب و ئایینە جیاوازەکان کە ئەمەش وایکرد عێراقییەکان هەست بە ناسنامەیەکی ڕاستەقینە نەکەن (عمر، محمد، ٢٠١٨: ١٩٦-١٩٧).

حەوتەم/ ڕێککەوتننامەی عێراقی- بەریتانی ١٩٣٠

لە ساڵی ١٩٣٠ ڕێککەوتنامەیەك لە نێوان شا فەیسەڵ و بەریتانیا مۆرکرا، بە پێی ئەم ڕێککەوتنامەیە بڕیار درابوو عێراق ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و کۆتایی بە ئینتیدابیەت بهێندرێ (عربیة، غزالي، ٢٠٢٠،: ٣٤-٣٥). ئەم ڕێککەوتنامەیە چوارەمین ڕێککەوتنامە بوو لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆرکرا کە دوو لایەنی سەرەکی گرتەوە لە ڕووی سەربازی و دارایی هەروەها لایەنێکی تریش نهێنی بوو تایبەت بوو بە پارێزگاریکردنی فرۆکەخانەکان (ستوپەیی، ٢٠٢٠، ل٢٣). لە ڕێگەی بەشێك لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە کۆمەڵێك ئاسانکاری بۆ بەریتانیا فەراهەم کرابوو وەکو ئاسانکاری لە بەکارهێنانی خاکی عێراق بۆ تێپەڕبوونی هێزەکانی بەریتانیا لە کاتی شەڕو و هاوکاریکردن لە بواری ئابووری، دروستکردنی بنکەیەکی سەربازی بەریتانیا لە (بەسرا و حەبانیە)، و ماف بدات بە هێزەکانی بەریتانیا بۆ هەموو ئاسانکارییەك هەروەها ڕێگە بدات لە بارودۆخی شەر تەواوی خاکی عێراق بەکار بهێنێ هەموو هۆکارەکانی گواستنەوە وەك (هێڵە ئاسنینەکان، ڕێگای ئاسمانی و دەریایی و

فرۆکەخانەکان) لەبەردەم هێزەکانی بەریتانیا کراوە بن (خیاط، ١٩٥٤: ٦٣). لەبەرامبەر ئەمەشدا بەریتانیا بەڵێنی دابوو کەوا مەشق بە سەربازانی عێراق بکات و پرچەکیان بکات، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣٠ هەردوو دەوڵەت گەیشتنە بڕیارێکی کۆتایی بۆ بەستنی ڕێککەتنامەکە لە هەمان ساڵیشدا لە (٦/٣) ڕێککەوتنامەکە لە نێوان هەریەك لە "نوری سەعید" و "فرنسیس همیفریز" هەردووکیان بە سیفەتی وەزیری دەرەوە، هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی یاخود نیەتی بەریتانیا لەم ڕێککەوتنامەیە ئەوە بوو هیچ سەقفێکی زەمەنی نەبێت کاتی کۆتاییهێنانی دیارینەکرێت، هەربەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە بڕیاردرا کەوا عێراق ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و بەریتانیا پشتگیری بکات لە بەئەندامبوونی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣٢ سەربەخۆیی عێراق ڕاگەیەنرا هەر لە هەمان ساڵیشدا عێراق بوو بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) (عربية، غزالي، ٢٠٢٠: ٣٦).

کەواتە دەوڵەتی عێراقی دامەزرا، وێنەی سنورەکانی لەلایەن ئیدارەی کۆلۆنیاڵی بەریتانی لەسەردەمی ئینتیداب کێشرابوو (١٩٢٠-١٩٣٢)، هەموو کێشەکانی گواستەوە بۆ ناوەند گەرایی مۆدێرن و بنیادنانی نەتەوە لە ئەنجامی کۆمەڵگەیەکی پارچەپارچە کراوی پێش مۆدێرنیتە سەرچاوەی گرتبوو، کۆمەڵگای عێراقی چەندین پێکهاتەی جیاواز لە خۆ دەگرێت ئەمەش هۆکاری دروستبوونی جیاوازی بوو لە نێوانیان بۆیە پێویستی بە یەکسانی و یەکگرتوویی هەبوو تاکوو دەوڵەتەکە هەڵنەوەشێتەوە ئەمانەش لە ڕێگەی دام و دەزگای پرۆفیشناڵ و وتارێکی یەکگرتوو و نیشتمانی دەهاتە بوون، هەروەها لەوکاتەدا عێراق پێویست بوو بەدوای ڕێگە چارەیەك بگەڕێ لەسەر کۆکردنەوە و یەکخستنی بەرژەوەندییە کۆمەڵاتیەکان بەواتایەکی دیکە پێویست بوو عێراق بەدوای شوناسی خۆیدا بگەڕێ ئەمەش هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا شا فەیسەڵ عەرەبێکی سونەی شافعی حیجازی بوو تێگەیشتوو بوو لە بیروباوەڕە نوێکانی سیستەمی دەوڵەتی نوێ هەروەها لە پرەنسیپە نیشتمانییەکان تێگەشتنێکی باشی هەبوو بۆ ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتیانەی لە چوارچێوەی جوگرافی نوێی عێراق. دەوڵەتی عێراق خۆی لە خۆیدا وەك ئەوە وایە لە کۆمەڵێك وڵات پێکهاتبێ بارودۆخی عێراق لەو کاتەدا دابەش ببوو بەسەر کۆمەڵێك چین و توێژ ئەوانیش پێویستییان بە حاکمێکی کاربەڕێکەر هەبوو بۆ ڕێکخستنییان لەو کاتەدا شا فەیسەڵ دابەشبوونەکانی بەم شێوەیە کرد: ١_ گەنجە زیرەکەکان (نوێخوازەکان)، ٢_ پارێزگارەکان، ٣_ سوننە، ٤_ شیعە، ٥_ کورد، ٦_ کەمینە نا موسڵمانەکان، ٧_ عەشایرەکان، ٨_ پیرەکان، ٩_ ئەوانەی کە دواکەوتوون هەموو بیرۆکەیەکی خراپیان لا پەسەندە، لێرەدا دەتوانین چەند دابەشکارییەکی دیکەش بکەین ١_ دابەشبوونی نەتەوەیی (عەرەب، کورد)، ٢_ دابەشبوونی مەزهەبی ( شیعە، سوننە)، ٣_ دابەشبوونی کۆمەڵایەتی ( خێڵەکی، شارستانی)، ٤_ دابەشبوونی هزری (نوێخوازەکان، پارێزگارەکان) (عبدالجبار، ٢٠١٨، ١-٤).

کەواتە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ءیراق هەروەك باسمان کرد کۆمەڵگای عێراق یەکێکە لەو کۆمەڵگا فرە کولتوورییانەی کە بەدەست دابەشبوونەوە دەناڵێنێت. کە وێنەی فرەیی کولتووری لە کایەی کۆمەڵایەتی لە کایەی سیاسیدا ڕەنگدانەوەی هەبوو کە چەندین پێکهاتەی (ئایینی، نەتەوەیی، مەزهەبی) لەخۆدەگرێت، کاتێك عێراق سەربەخۆیی بەدەستهێنا بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان لە (٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٢)، ڕێژەی پێکهاتەی عەرەبی سوننی بریتی بوو لە (٢١%)، لەکاتێکدا ڕێژەی دانیشتوانی پێکهاتەی کورد (١٤%)، لە هەمانکاتدا ڕێژەی عەرەبی شیعە تۆمارکرا بە (٥٣%)، و (٥%) بۆ غەیرە موسڵمانەکان گرنگترینیان یەهودییەکان بوون، (٦%) گرووپە ئایینی و زمانەکانی دیکە (Andreas, 2003, P6 )

لەکاتێکدا سەرژمێری گشتی لە ساڵی ١٩٤٧ ڕێژەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی لە عێراق دیاریکردووە لەم خشتەیەیی خوارەوە ڕووندەکرێتەوە:

| پێکهاتەکان | ڕێژە |
|---|---|
| عەرەبی شیعە | %٤،٥١ |
| عەرەبی سوننە | %٧،١٩ |
| کورد | %١٨،٤ |
| فارسەکان | %١،٢ |
| تورکمانی سوننە | %١،١ |
| تورکمانی شیعە | %٠،٩ |
| فەیلییەکان | %٠،٦ |
| مەسیحییەکان | %٣,١ |
| یەهودییەکان | %٢,٦ |
| یەزیدی و شەبەك | %٠،٨ |
| سائیبییەکان | %٠،٢ |

(عرب، ٢٠٢١: ١٥٦-١٥٧).

لقی دووەم/ مەملەکەتی هاشمی ١٩٣٢-١٩٤١

بوونی عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەشێوەیەکی فەرمی بەشێوازێکی شاراوە دەستی پێکرد. بوونی بەریتانیا کەمتر نەبۆوە لە جاران بەڵکوو زۆربەی ڕاوێژکار و فەرمانبەرە بەریتانییەکان لەوکاتەدا لە پۆستەکانیان مانەوە شاندە سەربازییەکەی بەریتانیاش کە مەشقی بە سوپای عێراق دەکرد مایەوە، کۆمپانیا بەریتانییەکانیش زیاتر لە بواری ئابووریدا دەرکەوتن. هەروەها کێشە تایفییەکانیش هەر بەردەوام بوون زۆربەی جاریش شوناسی تایفی گرنگی خۆی هەبوو لە داڕشتن و وەڵامدانەوەی گەل بۆ پرسە جۆراوجۆرەکان (تریب، ٢٠٠٦: ١٢٣-١٢٤). دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٣ شا فەیسەڵ مرد، عێراق وەك خۆی دەڵێت بریتی بوو لە کۆمەڵێك خەڵکی کۆکراوە بەسەر یەکەوە، کە خاڵی بوون لە هەموو هەستێکی نیشتمانپەروەری، ئینجا شا فەیسەڵ ئەم گەلەی وەك میرات بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێهێشت (کرمانج، ٢٠١٧: ١٢٦).

دوای بە ئەندامبوونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان، عێراق هەموو هەوڵێکی بۆ تێکەیاندن و ڕازیکردنی گەلی عێراق خستەگەڕ کەوا عێراق لە قۆناغی ماندێتەوە پێی ناوەتە قۆناغی سەربەخۆی بەڵام واقعی دەسەڵاتی بەریتانیا لە پشت پەردەی سەربەخۆییەوە جێگای نیگەرانی بوو.

یەکەم: سەردەمی یاخیبوونی میللی عەشایری ١٩٣٢-١٩٣٦

بەکۆتاییهاتنی ئینتیدابیەت و پاشەکشەکردنی بەریتانیا، عێراق هەوڵیدا حکومەتێکی بەهێزی یەکەتی نیشتمانی پێکبهێنێ، شا فەیسەڵ هەوڵیدا ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی ڕازی بکات بەوەی هەندێك لە ئەندامانی بهێنێتە ناو حوکمەتەوە بەڵام زنجیرەیەک کێشە یەکێتیە نیشتیمانیە تازەکەی خستە مەترسیەوە ئەم کێشانە لە هاوینی ١٩٣٣ دەستیان پێکرد و کاتێککە گرژییەکان لەگەڵ کۆمەڵگا ئاشوورییە تازە جێنشینکراوەکە تەقییەوەو قەیرانێکی ئاڵۆزیان دروست کرد (مار: ٦٣).

یاخیبوونی ئاشوورییەکان

چەندین کەمینە لە عێراق نیشتەجێن، هەروەها هەندێك لەو کەمینانە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە ژیانی سیاسیدا، دوابەدوای ئیستیغلالکردنی ئەم کەمینانە لەلایەن بەریتانیا و بەکارهێنانیان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت لەو ناوچانەی کە نفوزی ئەم کەمینانە زۆر بوو دەبوونە هۆکاری سەرچاوەی کێشە بۆ عێراق یەکێك لەو کەمینانە

ناسراوبوون بە ئاشوورییەکان کە تایفەییەکی مەسیحی بوون. دۆزی ئاشوورییەکان پەیوەندی بەچۆنیەتی مامەڵەکردنی عێراق هەبوو لەگەڵ کەمایەتیە عێراقیە نیشتمانپەروەرەکان، ئاشوورییەکانیان بە بەرەنگارێکی سەربازی و ئایدۆلۆجی دادەنا بۆ یەکێتی نیشتمانی عێراق چونکە ئەوان داوای خۆبەڕێوەبەریان دەکرد. ئاشوورییەکان بەسەر تورکیا و ئێران دابەش ببوون کە هەندێکیان نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەکان بوون کە نزیك بوو لە سنووری عێراق و تورکیا و ئێران بەهۆی ئەوەی دژایەتی عوسمانیەکانیان لە جەنگی یەکەمی جیهانی کردبوو هەڵسابوون بە یاخیبوون دژی عوسمانیەکان ئینجا دوابەدوای نەمان و کشانەوەی ڕوسیا لەناوچەکە عوسمانییەکان هەڵسان بە سزادانی ئەم تاوانبارانە ئەمەش بووە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر بۆ باکووری ئێران بەڵام لەلایەن حکومەتی ئێران ڕەفزکران ئینجا بەریتانیا هەڵسا بە پێشکەش کردنی هاوکاری و چاودێریکردنیان پاشان نیشتەجێکردنیان لە بازنەکان لە ناوچەی ڕۆژئاوای دیالە نزیك بەعقوبە دامەزراندنی ڕۆڵەکانیان لە هێزی بەریتانی بە ناوی هێزی (لیفی) هاندانیان بۆ لێدانی ئەو تاقم و گرووپانەی کە دژایەتی بەریتانیایان دەکرد (العابدي، ٢٠١٩، ص٣٥-٣٦). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کەمایەتییە جۆراو جۆرەکان لە عێراقدا بە درێژایی مێژیوو هەمیشە لەلایەن هێزە دەرەکییەکان بەکارهێنراون بۆ تێکدانی سەقامگیری یان بۆ ئەوەی لە دژی دەوڵەتەکەی خۆیان بوەستنەوە بێگومان ئەمەش لە بەرئەنجامی ئەوەیە ئەو دەوڵەتە نەیتوانیوە شوناسێکی هاوبەشیان بۆ دروستبکات ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەستی دەرەکی بە ئاسانی دەتوانێ کەمایەتییەکان ئیستیغلال بکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. دواتر سەربەخۆیی عێراق بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣٠ بووە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ ی ئەوان بۆیە کۆمەڵێك نوێنەریان نارد بۆ کۆمەڵەی گەلان داوایان کرد عێراق لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا بمێنێتەوە لە ساڵی ١٩٣٣ بەڵام لە مانگی ئابی ١٩٣٣ بارودۆخ گەیشتە ئەوپەڕی شەڕ و پێکدادان لە نێوان ئاشوورییەکان و سوپای عێراق دەستی پێکرد، لە کۆتایی شەرەکەدا نزیکەی ٣٠ سەربازی عێراق کوژران، نیوەی ژمارەی ئەو ئاشوورییانەی کە بەشداری شەریان کردبوو ئەم یاخیبوونانە توانای عێراقیان بۆ خۆبەڕێوەبەری و بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەکان ناوبانگی حوکمە تازەکەی عێراقی زراند (مار: ٦٤-٦٥).

دووەم/ مردنی شا فەیسەڵ و هاتنە سەرتەختی غازی

دوای مردنی شا فەیسەڵ غازی کوڕی لە تەمەنی ٢١ ساڵی هاتە سەر تەخت، شا غازی سەرسەختانە پشتیوانی لە پرسە پەیوەندیدارەکانی بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکرد، غازی بەهۆی کەمی تەمەنی و ئەزموونی لەبواری بەڕێوەبردنی وڵات هاوکاری دەکرا لەلایەن کۆمەڵێك ڕاوێژکار و ئەفسەرانی عێراق( الطرفي: ٣٥٩). لە (١٥-ئەیلولی ١٩٣٣) لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ کۆبوونەوە بانگێشت کرا سوێندی دڵسۆزی بۆ گەل و پاراستنی دەستور خوارد، بەرنامەی سیاسی خۆی ڕوونکردەوە گوتی ( بە ئەرکی خۆمان دەزانین، ڕێبازەکەی ون نەکەین و لەسەر میتۆدی حەکیمانە بڕۆین کە ئامانجی سەرەکی پێشخستن و ئاوەدانکردنەوە و تۆکمەکردنی مەملەکەت بوو تا گەشتن بەلوتکە)، غازی لاوێکی نیشتمانپەروەری بەپەرۆش بوو هەمیشە جەختی لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی خزمەتکاری گەلی عێراق دەکردەوە، شا لەناو کۆشك ڕادیۆیەکی دامەزراند خەڵك ناویان نا (ڕادیۆی کۆشکی زهور)، خۆی هەواڵ و شیکردنەوەکانی دەخوێندەوە بەریتانیا ئەم ڕادیۆیەی وەك دەزگایەکی پروپاکەندەی نیشتمانی نەتەوەی حساب دەکرد، بۆیە لە ئاستی جەماوەری ئەوەندەی دیکە هەڵکشا و لەناو دانیشتوانی عەرەب زماندا لایەنگیری زیادی کرد بەتایبەت سوریا و ئوردن و کوێت و فەلەستین تا ئەو ئەندازەیەی ئەنجومەنی یاسادانانی کوێت بەزۆرینەی دەنگی ١٠ ئەندام لە کۆی ١٤ ئەندام داوای یەکگرتنی کوێتیان لەگەڵ عێراق و لەژێر فەرمانڕەوایی غازیدا کرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش غازی نەیتوانی بەڵانسێك لەنێوان بەرژەوەندییەکانی نیشتمان و تێروانینی باڵیۆزخانەی بەریتانیا و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پاشکۆی ئینگلیز ڕاگرێ، بۆیە ماوەی حکومڕانییەکەی پەشێوی و نائارامی زۆری بەخۆیەوە بینی ڕاپەڕینی عەشیرەتەکان زیادیکرد، کودەتای سەربازی بەخۆیەوە بینی، ئەم ڕووداوانە زەمینەی بۆ سوپا خۆشکرد چەند جارێك بێنە ناو ژیانی سیاسی عێراق (تەقوش، ل٢٠٥-٢٠٦). کەواتە ئەم ڕادیۆیە ئاشتی جەماوەری لەناو نەتەوەی عەرەب دروستکرد.

غازی هەمیشە دەیگوت (دەمەوێت نەوەیەکی گەنجی عێراقی دروستبکەم، شوێنی ئەوانە بگرێتەوە کە ئێستا وڵات بەڕێوەدەبەن دوور لە هەیمەنەی بەریتانیاو کونسوڵخانەکەیان) هەوڵی دروستکردنی نەتەوەیەك بدات ئازادبێت لە بیروباوەڕی بیانی) (عارف، ٢٠٢١، ل٧٤).

سێیەم/ بارودۆخی پەروەردە لە ساڵانی لەسەردەمی شا غازی

یەکێك لە سەخترین کاتەکانی ژیانی پەروەردەیی لە عێراق لەو ساڵە بوو، کاریگەرییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، بەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری جیهان ڕوون بوو. نەبوونی کادیری پەروەردەیی و باڵەخانەی قوتابخانە و پێداویستی و خزمەتگوزاری بۆ قوتابیان ئەمەش کاری کردبووە سەر ئاستی پەروەردە و خواستی پەروەدەیی لاواز کردبوو بەهۆی خراپی بارودۆخی تەندروستی ترس و دڵەڕاوکێ ی لای دایك و باوکان دروست کرد بەناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە (الحميري، ٢٠١٩: ١١٣٦).

چوارەم: کودەتای بەکر سدقی ١٩٣٦

کودەتای بەکر سدقی لاپەرەیەکی دیارە لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ، ڕاڕایی ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان و سیاسەتمەداران لە ناوەو و دەرەوەی ئەم ڕووداو و دەرئەنجامانەی خرانە بەرباس گرنگ بوون، لە ڕاستیدا لە چوارچێوەی خەباتی تەقلیدی نێوان هەندێک لە گرووپە سیاسییەکانی وڵات بۆ وەرگرتنی دەسەڵات دەرناچێت بەتایبەت لەچەند بزووتنەوەو ڕاپەڕینێکدا ڕەنگی دابویەوە بۆ ڕووخانی دەسەلات (أحمد، ١٩٨٧، ص١١٩). لەسەردەمی وەزارەتی هاشمیەی دووەم دیاردەیەک زۆر لەمێژووی عێراق بەدیارکەوت ئەویش دەستتێوەردانی سەرباز بوو لە ئاریشە سیاسییەکان تاوایلێهات هێز لە هەموو جووڵانەوە عەشاییریەکان بەکاربێ ببنە هۆی سەرکوتکردنیان یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەتایبەت دوای بە هێزبوونی سووپا ١٩٣٦( لطفي، ١٩٨٧، ص١٣١). لە سەروبەندی بەهێزبوونی سووپا، هەستی نەتەوەیی و خەبات دژی بەریتانیا لە وڵات گەڵاڵە بوو، ئەم تێکچوونانە لە سووپا ڕەنگی دابۆوە، بەتایبەت کە یاسین هاشمی سەرۆک وەزیران پشت ئەستوور بوو بە بەریتانیا و هەروەها بەریتانیاش لە ڕێگەی هاشمی هەوڵی لاوازکردنی شا غازی دەدا، لەبەرئەوەی شا غازی بیری نەتەوەیی عەرەبی لە مێشکیدا پڕابوو بەربەرەکانێی دەسەڵاتی بەریتانیای دەکرد، ئینجا یاخیبوونەکەی ناو سووپا لەلایەن حیکمەت سلێمانەوە دژایەتی دەکرا دژ بە یاسین هاشمی لە ئەنجامدا شا غازی و حیکمەت سلێمان و بەکر سدقی یەکیان گرت و لە کۆتایی مانگی ١٠ ١٩٣٦ کودەتا ئەنجامدرا (کامەران، ٢٠١٢).

بەوپێیە یەکەم دەروازەی کودەتا لە جیهانی عەرەبیدا خرایە سەرپشت، سووپای عێراقیش بێلایەنی لەدەست دابوو بەشێک لە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق لەوە دەرجوو دامەزراوەیەکی یەکێتی خواز بێ و جەماوەر لە دەوری گڕ بێتەوە، دوای شکستی کودەتا و تیرۆرکردنی بەکر سدقی ١٩٣٧ لایەنگرانی ئینگلیز بەزوویی گەڕانەوە سەر دەسەڵات، بەڵام دژایەتی ئینگلیز بەرامبەر بە شا غازی ڕۆژ بە ڕۆژ زیادیکرد، تەنانەت بەریتانیا و لایەنگرانی داوای دوورخستنەوەی شا غازیان دەکرد لە ساڵی ١٩٣٩ شا غازی لە کاتی لێخووڕینی ئۆتۆمبێلدا تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بو گیانی لە دەستدا مردنی غازی تەواوی کێشەکانی بەریتانیای یەکلاکردەوە تەنانەت بەشێک لە مێژوونووسان پێیان وابوو کە مردنی غازی لە ڕووی کردارییەوە کۆتایی بە ڕاستگۆیی  فەرمانڕەوایی پاشایەتی لە عێراق هێنا چونکە سەلماندی لەوەبەدواوە بەریتانیا لەپای دانان و دامەزراندنی پادشایەک سەد لە سەد وابەستەی خۆیان هەوڵدەدەن، لە هەمانکاتیشدا گەلی عێراق دەیانویست پاشایەکی بەهێزیان هەبێت نوێنەرایەتییان بکات یەکیان بجات و کۆلۆنیالیست لە عێراق دەربکات، عەبدل ئیلاه هەم لەلایەن گەل هەم لەلاین ئەو سووپاییەی فەیسەڵ دایمەزراندبوو پشتیوانی نەدەکرا، بۆیە لە ساڵی ١٩٤١ جارێکی دیکە کودەتا پەرپابوو (دیب، ٢٠١٢، ل٥٥-٥٦).

پێنجەم/ نیشتمانپەروەری عێراقی

فۆڕمێکی نیشتمانپەروەری وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو ڕاستیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە لە ئاکامی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی هاتەپێش سەریهەڵدا لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ناسیۆنالیزمی عەرەبی ڕەوتی زاڵ بوو، شکاندنی عێراق لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە بوو بەڕاستییەکی مێژووی ئیدی هەندێك گرووپ ئەم ڕاستییەیان بەخۆشی یان ناخۆشی قبوڵکرد، لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی خەونەکانی دوورکەوتنەوە و بەرەو نیشتمانپەروەری عێراقی هەنگاویان نا. سۆزی عێراقچێتی تەنها لە زنجیرەکانی دەسەڵاتدا گلی نەخواردبوو، بەڵکوو لە دەرەوەی دەسەڵاتیش مورید و لایەنگریان هەبوو ئەم ڕەوتانە دڵسۆزی خۆیان بۆ عێراق و سەربەخۆبوونی ڕاگەیاند هەروەها کوردیان وەك هاوبەشێك لە عێراق سەیر دەکرد، هەروەها دانیشیان بە زمان و کولتووری کوردی دادەنا، ئیدی دواتر هەستییان بە فرەییەك لەناو کۆمەڵگا لەڕووی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە کرد پرس و شتە هاوبەشەکانیان دۆزیەوە لەوانە هاوسۆزی لە دژایەتی ئیمپریالیزم. ئەم هاوبەشی و هاوسۆزییە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و چەمکە هاوبەشەکانی دیکە وەك (حیزبی وەتەنی، دیموکراسی و حیزبی شیوعی عێراق)، بە دوو گەورەترین ڕێکخراوی نیشتمانپەروەری عێراقی دادەندرێن (کرمانج، ٢٠١٧: ١٨٣-١٨٤).

باسی سێیەم/ ئاستەنگەکانی بەردەم بنیادنانی شوناسێکی نیشتمانی هاوبەش لە سەردەمی پاشایەتی

کۆمەڵێك ئاستەنگ بوونیان هەبوو کە ڕێگر بوون لەبەردەم دروستبوونی شوناسێکی عێراقی یەکگرتوو، یەکێك لەوانە لە سیبەکانی سەدەی ڕابردوو ململانێی نێوان عێراقچییەکان و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بوو ئەم ململانێیە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پیکدادانی دوو گروپی زاڵ لەناو حکومەت (بەکر سدقی) وەك عێراقچییەك لەگەڵ کەسایەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی (یاسین هاشمی سەرۆك وەزیران ڕەشید عالی وەزیری ناوخۆ) (کرمانج، ٢٠١٧: ١٧٦).سەربەخۆی هانی چەند گرووپێکی گەورەیدا لەبارەی شوناسی عێراقی چ وەك دەوڵەت چ وەککۆمەڵگا ململانێکان بەشێوەیەکی تایبەتی لەنێوان بەرگریکاران لە شوناسی عەرەبی عێراق و ئەوانەی بانگەوازی کۆمەڵگایەکی نیشتمانی عێراقیان دەکرد (تریب، ٢٠١٣: ١٢٣).

ئاریشەیەکی دیکە ئەوەبوو، یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی ڕەوتە سیاسییە زاڵەکان، پارتە سیاسییەکان سەرەڕای گاریگەرییان لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بەڵام ئایدۆلۆجیاکانیان لەناو قاوغە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان قەتیس ببوون مەبەست لە قەتیس بونی ئایدۆلۆجیاکان لە قاوغ و هێلە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان ئەوەبوو کەوا پارتە سیاسییەکان هیڵە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانیان تێپەڕ نەدەکرد، بۆ نموونە ناسیۆنالیستی کوردی لەلایەن کوردەکانەوە پشتیوانی لێدەکرا ئەم ڕەوتە شتێکی ئەوتۆی بۆ نەتەوە و گروپەکانی دیکە پێنەبوو، ناسیۆنالیستێکی سەروو نەتەوە نەبوو واتا (خاك، نیشتمان، دەوڵەت)، ناسیۆنالیزمی عەرەبیش لەلایەن حیزبی ئیستقلال نوێنەرایەتی دەکرا لەگەڵ ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکان (کرمانج، ٢١٧: ٢٠٣).

نا هاوسەنگی لە دەسەڵات لە نێوان پێکهاتەکان یەکێکی دیکە بوو لە ئاریشەکانی بەردەم بنیادنانی شوناسێکی عێراقی یەکگرتوو  سوننەکان زۆرینەی پۆستە باڵاکانیان پێکدەهێنا دژایەتی هەڵبژاردنی ئازادانەیان دەکرد دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردنیان دەکرد سەرەای ئەوەی کە شیعەکان زۆرینەبوون لە (٣٧) ساڵی پاشایاتیدا تەنها (٥) جار حکومەتیان پێکهێنا، شیعە و پەراوێزخرابوون لە دەسەڵات

لەکاتێکدا دروستکردنی شوناسێکی هاوبەش پەیوەندی بە دانانی میکانیزمی پێویست هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی و بەشداری گروپە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئایینی جێگیرکردنیان لە دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگییەکان (عبدالجبار، ٢٠١٨ : ٢-٤).

لەکاتی گەیشتنی بەریتانییەکان بۆ ناوچەکە و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی حکومەتی عێراق و دەسەڵات دارە  بەریتانییەکان پشتیوانیان لە بونیاد و داڕشتنەوەی خێڵەکی دەکرد بەکاریان دەهێنا بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانیان  لە ناوچە عەشایەرییەکان سەپاندنی یاسا و سیستەم  ئەم سیاسەتە کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی ئامێزانی نیشتمانی شوناسێکی عێراقی یەکگرتوو دروستکردبوو، بەربەست بوو لەبەردەم گەشەکردنی هەست و ئینتیما بۆ دەوڵەت، واتا لە دێهاتەکانی عێراق پەیوەندی نێوان حکومەت و کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ نەبوو بەڵکو پەیوەندییەکە لە میانی سەرۆك عەشیرەت و خاوەن زەوییەکانەوە بوو کە ئەوان لە پەرلەمان و حکومەتیش دەستڕۆیشتوو بوون.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ئالەنگارییانەی باسمان کرد، کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشیش هەبوو لەو سەردەمە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دروست بوونی شوناسێکی یەکگرتووی عێراقی، ئەویش ئەوەیە هەندێک کات ڕەنگە ئەوەی ئاسانکاری بۆ پرۆسەکانی بنیادنانەتەوە کردبێت ئەوە بووبێت کەوا هۆشیاری لە پەیوەندی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی هۆشیارییەکی کلتووری بوو چەندین ساڵ عەرەبەکان لە چوارچێوەی ئاین و کلتوورێکی دیاریکراودا دەژیان، جگە لە کورد سنورێکی ناسیاسی نەکراو مابووەوە، پەیوەست بوو بە بە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی وەك گروپی خێڵ و خزمایەتی (عبدالجبار، ٢٠١٨، ٢-٤). هەروەها کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان گرینگترین هۆکار بوو بۆ داڕشتە و کارەکتەری کۆمەڵایەتی  ئەم کۆچکردنە زادەی پرۆسەی مۆدێرنیتە بوو لەم نێوەندەشدا نابێت ڕۆڵی پەروەردە و خوێندن کەم بایەخ بکرێن دروستکردنی خوێندنگە و گەشەکردنی خوێندنی بەکۆمەڵ( Mass Education)، ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە پرۆسەی بنیادنانی شوناسێکی نیشتمانی

عێراقی، ئەم خوێندنگانە داینەمۆی گۆڕانکاری بوون لە عێراق. هەروەك ئاماژەی پێکرا سەرەرای سروشتی ڕکابەری و دژیەکی نێوان ئاڕاستەو ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان بەڵام دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان. بە گشتی پارتە سیاسییەکانی عێراق دەیانویست "ئیمپریالیزمی بەریتانی" وەك دوژمنێك لە خەیاڵی ئەندامان و هەوادارانیان وێنا بکەن.

دەرئەنجام:

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا و باسکردنی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی بنیاتنانی دەوڵەت و شوناسێکی نیشتمانی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) دامەزراندنی یەکەم حوکمەتی پاشایەتی و ئینجا پێکەوە لکانی ناوچەکانی باکوور کە بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو بە عێراق تا دەگاتە سەربەخۆیی عێراق لە ساڵی (١٩٣٢)، لەم ماوەیەدا عێراق لەژێر دەسەڵاتێکی پاشایی بەڕێوە دەچوو تاکو ساڵی (١٩٥٨) بە زەبری کودەتایەکی سەربازی ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا. ئەوەی هەمیشە عێراق شکستی تێدا خواردووە هەرگیز نەیتوانیوە یەکێتیەکی نیشتمانی لەم وڵاتە بێنێتە بەرهەم، زۆر جاریش دابەشبوون و نەبوونی ئەم یەکێتیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەندێك لایەن بەکارهاتووە، هەروەك ئاشکرایە لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق نەتەوە و پێکهاتەکان لە (سوننە و شیعە و کورد و عەرەب)، چەندین کەمە نەتەوایەتی دیکە لەم دەوڵەتەدا ژیاون، ئەمانە لە ڕووی بیروباوەڕ و داب و نەریت جیاواز بوون هەستێکی نەتەوەی گشتگیر و بەرژەوەندییەکی هاوبەش و ئامانج و شوناسێکی هاوبەش کۆیانی نەکردبۆوە، لە عێراقدا نەتوانراوە پێناسەکی تایبەت بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرە ئایین دابڕێژرێت بەردەوام هەوڵدراوە پێناسەیەکی عەرەبی بەسەر هەموو گەلانیدا بسەپێندرێت.


## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی کوردی

**کتێب:**

١- ئەریکانلی، زەینەب( ). میراتی بەریتانیا و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراقدا (١٩١٨-١٩٢٦): گرنگی "مەسەلەی موسل" وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، زانکۆی گەڵەتەسەرای- ئیستەنبول.

٢- تەقوش، محەمەد سوهەیل، مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، وەرگێرانی: سەربەست جیهاد، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەو.

١- گوڵمحەمەدی، ئەحمەد (٢٠٠٧). بەجیهانبوون، کولتوور، شوناس، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا بەهرامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢- موحەمەد، عومەر عەلی (٢٠١٢). شوناس و ڕەهەندی بە جیهانیبوون، چاپی یەکەم، پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، سلێمانی.

٣- تریب، چارلز(٢٠١٣). چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی محمد حسین ئەحمەد و عبدالقادر کەلهور، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤- دیب، د. کەمال(٢٠١٢) بومەلەرزەیەک لەسەر زەمینی ناتەباییدا مێژووی سەد ساڵی عێراق (١٩١٥-٢٠١٥)، وەرگێڕانی: سەربەست جیهاد، ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، چاپی یەکەم.

٤- ستوپەیی، جەواد مستەفا(٢٠٢٠). سیستمی سیاسی لە عێراق و مافی گەلی کورد لە دەستوورەکانی عێراقدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران.

٥- سەعید عەلی، مستەفا(٢٠٢١). یادەشتەکانی فوئاد عارف، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی یەکەم.

٦- عیسا، د. ئەلبێرت( ). ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سەردەمی فاشیزم وێنەیەک لە ڕابردوو کەنایەوێت ڕابورێت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٧- کرمانج، شێرکۆ(٢٠١٧). شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم.

٨- مار، فیبی( ). مێژووی نوێی عێراق، وەگێڕانی لە ئنگلیزییەوە: حەمە سەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم.

ڕۆژنامە:

١- - ئیبراهیم، هۆگر (٢٠١٧). نەتەوەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا، پێنوس، لەم لینکە بەردەستە:
http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/469-2018-09-02-18-56-38

٢- - کامران، محمد(2021). ئاوڕدانەوەیەک لە کودەتایەکەی بەکر سدقی و ستراکتۆری سەرەتایی سووپای عێراق، ٦-١-٢٠١٢.
https://www.kwrdrawm.Com/ ideology

٣- هەردی (٢٠١٦). ڕەنگدانەوەی شوناسی نیشتیمانی لە کتێبی کۆمەڵایەتیدا، سیمینار، کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

٤- نەجات، بۆتان(2018). مافەکانی گەلی کورد لە پڕۆژەی دەستوری (١٩٢٥)، ڕێگای کوردستان، ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە ١٨-کانونی دووەم-2018 https://www.regaykurdistan.com/index.php.

### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

**الكتب:**

١- أوزكيرملي، أوموت (٢٠١٣). نظريات القومية مقدمة نقدية، ترجمة: معين الامام، الطبعة الاولى، المركز العربي للبحثات ودراسة السياسات للنشر، بيروت.

٢- الياسري، عبدالشهيد (٢٠١٠). البطولة في ثورة العشرين، الطبعة الاولى، دار الرافيدين للنشر، لبنان- بيروت.

٣- البزاز، عبدالرحمن(١٩٥٤). العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، جامعة الدول العربية، معهد الدراسات العربية العالمية.

٤- الحسني، السيد عبدالرزاق(1988). تأريخ الوزارات العراق، الطبعة السابعة، بغداد.

٥- المعهد الدولي لحقوق الانسان، (2005). كلية الحقوق بجامعة دى بول، الدساتير العراقية ودراسة مقارنة بمعايير الحقوق الدستورية الدولية، الطبعة الاولى.

٦- معلوف، أمين (٢٠٠٤). الهويات القاتلة، ترجمة: نهلة بيضون، الطبعة الاولى، دار الفارابي، بيروت- لبنان.

٧- ليبهارت، أرنت (٢٠٠٦). الديموقراطية التوافقية في مجتمع متعدد، ترجمة: حسني زينه، الطبعة الاولى، معهد دراسات الاستراتيجية، بيروت.

٩- محمود، علي طاهر (٢٠١٢). العراق في صدمة الهوية الى صحوة الهويات، المنشورات مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية والاعلامية، بغداد.
١٠- خياط، جعفر (١٩٥٤). حوادث العراق في سنة ١٩٤١كما ترويها وزارة الحرب البريطانية والمستر ونستن تشرشل في مذكراته، نقلها الى العربية: مطابع دار الكشاف- بيروت.
١١- داويشه، عضيد(2019). العراق تأريخ سياسي من الاستقلال الى الاحتلال، ترجمة: سامر طالب، مركز الرافيدين للحوار، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان.
١٢- عمر جيا فخري محمد، سرى هاشم(٢٠١٨). مفهوم الحرية والديمقراطية (دراسة في الدستور العراق الدائم لسنة ٢٠٠٥، تموز ديموزي للطبع والنشر، دمشق، الطبعة الاولى.
١٣- عثمان، د. أزاد(٢٠١٣). العملية السياسية ومسيرة الفيدرالية في العراق، مطبعة (موكرياني)، هەولێر.
١٤- مقلد، د. محمد علي (٢٠١٢). الشيعية السياسية، بحث في مقومات بناء الدولة الطبعة الاولى، دار العربية للعلوم الناشرون.
١٥- نصار، د.جمال (٢٠١٥). قضايا الهوية الثقافية تحديات العولمة، المركز الجزيرة للدراسات.
١٦- نصار، الدكتور عبدالعظيم عباس (٢٠١١). ثورة العشرين الوطنية العراقية، جامعة الكوفة/كلية التربية الاساسية.

**المجلة:**

١- ابودلة، د.سالم هاشم عباس( ). التعليم والمعارف في العراق خلال الحقبة الزمنية (١٥٣٤-١٩٣٣)، جامعة اهل بيت، منشور في مجلة اهل البيت عليهم السلام، العدد٢٢.
٢- العيشاوي، د.فواز حماد محمود(2010). الدولة العراقية بين التوجه القومي وموالاة بريطانيا ١٩٢١-١٩٥٨، مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية، العدد الرابع.
٣- الجميرى، م.م. علاء خميس علوان (2019). التطور التعليم في العراق واثره في الحياة الاجتماعية، ١٩١٢-١٩٥٨، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، جامعة بابل، نيسان.
٤- جواد، د. بلقيس محمد (٢٠١٠). قراءة في تأسيس الدولة العراقية ١٩٢١ الاهداف والنتائج، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد.

رسالة الماجستير:

١- العابدي، جميدة(٢٠١٩). التطورات السياسية في العراق (١٩٢٠-١٩٥٨)، مذكرة ماجستر، جامعة محمد خضر بسكرة، كلية العلو الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية.
٢- بن عربية، شهرزاد(٢٠١٩-٢٠٢٠). فاطمة غزالي، السياسة البريطانية في العراق ١٩٢٠-١٩٤٥، رسالة ماجستر، جامعة محمد بوضياف المسيلة، كلية: العلوم الانسانية والاجتاعية، قسم: التاريخ.
٣- عمرون، نورة (٢٠١٦-٢٠١٧). المسألة الكردية في العراق في ظل الصراع الإقليمي (الحرب العراقية الإرانية نموذجآ، رسالة ماجستر، جامعة محمد بوضياف، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم التأريخ، الجزائر.

ئینترنیت:

١- حسين، عبدالخالق، (). ثورة العشرين ودورها في تأسيس الدولة الطائيفية. https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=228910.
٢- الخدام، غدير (2022). نتائج ثورة العشرين، ٢١-مارس-٢٠٢٢، .https://mawdo3.com
٣- الطائي، صادق (2021). "السدارة" قبعة الملك والهوية الوطنية، مارس ٢٠٢١، القدس العربي، متوفر على هذا الموقع .https://www.alquds.co.uk
٤- العلاف، ابراهيم خليل (2014). الملك فيصل الاول ١٩٢١-١٩٣٣ ودوره في تأسيس الدولة العراقية الحديثة، ٢٣-٨-٢٠١٤، متوفر على هذا الموقع .https://m.ahewar.org/s.asp?aid
٥- عبدالجبار، د.فالح (2018). بناء الأمة- الدولة.. مقاربة سوسيولوجية- سياسية (نموذج العراق) (١-٤)، نشر بتاريخ ١٧/كانون الثاني ٢٠١٨، متوفر على هذا الموقع

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Dodge, Dr Toby,The British Mandate in Iraq, 1914-1932, The international institute for Strategic studies,.
2. Fabal, Rafael Rene Ortega,(2015) The British Administration of Iraq and Its Influence on the 1920 Revolution, Masters Thesis in History Department of Archeology, Conservation, and History (IAKH) University of, Oslo Spring.

Obradovic, Sandra(). Use of the past: History as a resource for the present, Constance de Saint- Laurent, University of Bologna& Sbiss National science Foundation, link:https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/30293144.

Windari Tri (2021). National identity attachment and it is variables, westren Michigan Univercity.